# پەیمانی سایکس بیکۆ ورەنگدانەوەی لەسەر دابەشبوونی حەوزی رووباری دیجلە و فورات بەسەر کوردستاندا

پ. د. جەزا تۆفیق تالیب
بەشی جوگرافیا – کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
زانکۆی سلێمانی

د. عطا محمد علاءالدين
بەشی جوگرافیا – کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی**

دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، ناوچەی هیلال خەسیب لەژێر چنگی عوسمانیەکان دەرهێنرا، پاشان بەپێی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ لەساڵی ١٩١٦ بەنهێنی لەلایەن هاوپەیمانانەوە وبەڕەزامەندی رووسیا بڕیاری دابەشکردنی دەرکرا، وبەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە ناوچەکانی دەسەلات لەخۆراوای ئاسیادا بەم شێوەیە دیاریکرا: سەیری نەخشەی ژمارە (١) بکە:

ناوچەی أ: "شین" بریتی بوو لەعێراق وکەوتە ژێر دەسەلاتی بەریتانیا.

ناوچەی ب: "سوور" بریتی بوو لەسوریا وکەوتە ژێر چنگی فەرەنسا.

ناوچەی ج: "سەوز" بریتی بوو لەولاتی فەلەستین ولەژێر بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتیدا مایەوە[١].

ئاشکرایە دوای سەربەخۆیی ئەم ولاتانە کوردستان بەپێی بڕیاری هاوپەیمانان لەنێوان ئەم ولاتانەدا دابەشکرا وتورکیا بووە خاوەنی بەشێکی گەورەی کوردستان ئینجا هەریەکە لەعێراق وسوریا بوونە خاوەنی بەشی خۆیان وئێرانیش پارێزگاری لەبەشەی تری کرد کەپێشتر لەژێر چنگی سەفەویەکاندا بووە، ئیتر بەمجۆرە خاکی کوردستان بووە چوار پارچەوە وکوردەکان لێکدابڕێنران وماڵ وسامان وهەرچی خێروبێری کوردستانە کەوت دەست ئەو ولاتانە، یەکێك لەو دەرامەتە گرنگانە دەرامەتە ئاویەکان بوو بەتایبەتی ئاوی سەرزەوی، وە بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم کێشەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجامدرا لەژێر ناونیشانی (پەیمانی سایکس بیکۆ وڕەنگدانەوەی لەسەر دابەشبوونی حەوزی ڕووباری دیجلە وفورات بەسەر پارچەکانی کوردستاندا).

1-https://chronicle.fanack.com/ar/israel/history-past-to-present/rise-of-zionism/promises-and-contradictions/

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگە لێکۆڵینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت کەباس لەدابەشبوونی حەوزی رووباری دیجلە وفورات دەکات وەك دەرئەنجامێکی خراپی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ لەسەر کوردو کوردستان، بەتایبەت کەتائێستا بەم شێوەیە و بەو تایبەتمەندێتیە باسی ئەم کێشەیە نەکراوە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** دەرخستن وڕوونکردنەوەی شێوەکانی هەموو ئەو بارە ناهەموار ونادادپەروەرانەی پەیمانی سایکس بیکۆ دروستی کردووە لەسەر ناوچەکە وکوردستان ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە، کەبەندەکانی پەیماننامەکە زۆر بەخراپی بەسەر دەرامەتی ئاوی سەرزەوی ناوچەکە شکاوەتەوە.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:** بەکارهێنانی دەرامەتی ئاوی سەرزەوی کوردستان واتە حەوزی رووباری دیجلە وفورت ولقەکانی لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە ئەوانەی کەخاوەنی بەشێکی کوردستانن زیر بەخراپی وتەنانەت بەکارهێنانیان بەمەبەستی ئابووری وسیاسی کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان دژ بەخواست وویستی میللەتی کورد لەناوچەکەدا، لەکاتێکدا ئەم وڵاتانە زیادەڕەوی لەوەبەرهێنان وبەکارهێنانی حەوزی هەردوو رووبارەکە دەکەن بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، تەنانەت هەروەك چۆن کێشەی بۆ خۆیان دروستکردووە هەر بەو شێوەیەش کێشەی بۆ کوردوو کێشەکەی دروستکردووە کەرۆژ بەرۆژ زیاتر دەردەکەوێت.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە:** لێکۆڵینەوەکە لەسەر چەند گریمانەیەك بنیات نراوە کەوەڵامدانەوەیان پێویستە لەباسکردن وچارەسەری ڕێژەیی کێشەکەدا، وەك پرسیارکردن دەربارەی لایەنە سروشتی ومرۆییەکانی هەردوو حەوزی رووباری دیجلە وفورات بەجیا وپاشان باسکردنیان، هەروەها دەرخستنی قەبارەی ئەو پرۆژانەی کەلەسەر هەردوو حەوزەکە بنیاتنراون، وەچۆنیەتی سیاسەتی ئاوی وڵاتانی حەوزی رووباری دیجلە وفورات کاریگەری لەسەر کێشەی کورد کەلەلێکۆڵینەوەکەدا وەڵامیان دراوەتەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:** بابەتی لێکۆڵینەوەکە لێرەدا وادەخوازێت کەمیتۆدی (باسکردن) وەسفی لەلێکۆڵینەوەکەدا بەکاربهێنرێت، سەرەڕای میتۆدی مێژوویی بۆ باسکردن ولێکدانەوەی بابەت وکێشەکانی لێکۆڵینەوەکە جگە لەبەکارهێنانی نەخشە بۆ دەرخستن وزیاتر ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی کێشەکە.

**پلانی لێکۆڵینەوە:** بابەت وباسەکانی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراون وڕێکخراون:

باسی یەکەم، بریتیە لەباسکردنی ڕووباری دیجلە لەرووی سروشتی ومرۆییەوە وەك حەوزی رووبارەکە ولقەکانی دیاردە سروشتیەکانی تر تایبەت بەحەوزی ڕووبارەکە، بەڵام لایەنە مرۆییەکانی وەك وەبەرهێنانی ڕووبارەکە بەکارهێنان ووەبەرهێنانی دەرماتە ئاویەکان، لەگەڵ خستنەڕووی هەموو ئەو پرۆژانەی لەسەری دروستکراون، هەروەها هەموو ئەو پرۆژنەی کەلەسەر رووبارەکە دروستکراون یان لەداهاتوودا دروستدەکرێت.

باسی دووەم، پێکهاتووە لەباسکردنی حەوزی رووباری فورات لەرووی سروشتیەوە، کەئەویش ئەم باسانە دەگرێتە خۆی، وەك سەرچاوەکانی دەستپێکردنی رووبارەکە، واتە هەموو ئەو لقانەی کەدەبنە هۆی سەرچاوەگرتنی رووبارەکە، وبڕی ئاوی ڕۆشتوو لەرووبارەکەدا، ڕێرەوی رووبارەکە وسیفەتە سروشتی


ومرۆییـەکانی دەوروبـەری رووبارەکـە هـەتا ئاوزێڵەکـەی، هـەروەها باسـکردنی سـەرجەم ئـەو پرۆژانـەی لەسـەر رووبارەکە لەلایەن ولآتانی حەوزی رووبارەکە دامەزراوە.

باسی سێیەم: بریتیە لەباسکردنی سیاسـەتی ئـاوی ولآتـانی بەشدار بوو لەحـەوزی هـەردوو رووبـاری دیجلـە وفورات، وتیایـدا جـەخت خراوەتـە سـەر کاریگـەری سیاسـەتی بـەڕێوەبردنی هـەموو ئـەو ولآتانـەی کەبەشێك لـە رووبارەکەیان تێدەکەوێت، هەروەها چۆنیەتی بەڕێوەبردنەکان کەبێگومانین لـەوەی بەشێوەیەکی نادادپەروەرانـە بەسـەر پارچـەکانی تـری کوردسـتاندا جێبەجێـدەرێت، بەشـێوەیەك رووبارەکـان دەبێـت ڕۆڵـی گـەروە وباشـیان هەبوایـە لەسـەر بـەهێزکردنی کوردسـتان، بێگوکـان سـایکس بیکـۆ بووەتـە مایـەی دروسـتکردنی نادادپـەروەری ودابەشکردنی، بێجگە لەوەی بووەتە مایـەی هەڕەشـە ودڵـەڕاوکێ بـۆ سـەر دەسـەلآتی کـوردی ومیللـەتی کـورد لـە هەموو کوردستاندا.

لەکۆتاییـدا لێکۆڵینەوەکـە گشـتووەتە چـەندین دەرئـەنجام وراسـپاردە کەلەرێگـەیـەوە سـەرجەم کێشـە وبابەتـە گرنگ وسـەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکـەی لـەخۆی گرتـووە، وبنەمایـەکی باشـن بـۆ خسـتنەرووی چارەسـەریەکان بـۆ کێشەکە، کەڕۆڵیان لەسەر کەمکردنەوەی مەترسیە ئابووری وسیاسیەکانی ئاو هەیە لەناوچەکە ولەسەر میللـەتی کورد بەتایبەتی.

**نەخشەی ژمارە (١)**

**دابەشبوونی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەپێی پەیماننامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦**




سەرچاوە: https://www.google.iq/search?hl=ar&site=imghp&tbm=isch&source

دابەشبوونی هەردوو حەوزی رووباری دیجلە وفورات بەپێی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦:

یەکەم: حەوزی رووباری دیجلە:

رووباری دیجلە دەکەوێتە نێوان هەردووبازنەی پانی ٣٠-٣٩ لەباکوور، وهەردوو هێڵی درێژی ٤٥-٥١ لەرۆژهەلات، ئاشکرایە روباری دیجلە لەزنجیرە چیاکانی کوردستانی باکوور لەولاتی تورکیا هەڵدەقوڵێت، واتە لەباشووری زنجیرە چیاکانی تۆرۆسی رۆژهەلاتەوە، بەتایبەت لەناوچەی مەعدەن پاشان بەرەوخوار دەبێتەوە ودەگاتە شاری دیاربەکر وبەلقی پیرعەزیز دەگات، پاشان بەرە ورۆژهەلات ملدەنێت هەتا دەگاتە باشووری سوعرەس ولەوێدا چەند بچووکی دێتە سەر گرنگترینیان وەك (عەنبەر چای، قوروچای، مەلات سۆ)،[1] پاشان بەسێ لقی گەورەی تر دەگات وئەمانەن: سەیری نەخشەی (٢) بکە.

١- بەتمان سۆ: لەلاپاڵەکانی باشووری زنجیرە چیای موتکێ ودێراسماعیل هەڵدەقوڵێت، ولەنزیك دێی سینان بەدیجلە دەگات وئەمیش لەسێ لقی تر پێکدێت وبریتین لە(مایك چای، خیان چای، ساسۆن چای)، رووبەری ئاوزێلەکەشی دەگاتە نزیکەی ٥٣٢٨کم٢، تێکرای ئاوی رۆشتووی سالانەشی دەگاتە ٣١٦٩م٣/چرکە، داهاتی سالانەی دەگاتە ٣.٥ملیار/م٣.

٢- کارزان سۆ: لەلاپاڵەکانی رۆژهەلاتی زنجیرە چیای کۆسەوە هەڵدەقوڵێت، ولەنزیك دێی بەشیری بەرووباری دیجلە دەگات، رووبەری ئاوزێلەکەشی دەگاتە ٢٦٥٠کم٢، تێکرای ئاوی رۆشتووی سالانەشی دەگاتە ٥٩م٣/چرکە.

٣- باتمان چای: لەلاپاڵی چیاکانی حلتان وهیزان داغ هەڵدەقوڵێت، رووبەری ئاوزێلەکەی دەگاتە ٩٠٠٠کم٢، وتێکرای ئاوی رۆشتووی سالانەشی دەگاتە ١٣١م٣/چرکە، لەباشووری دێی بللوررس بەرووباری دیجلە دەگات[2].

پاش ئەوەی رووبارەکە نزیکەی ٤٨٥کم لەخاکی ولاتی تورکیا دەبڕێت، بەدرێژی ٤٥کم سنووری نێوان تورکیاو سوریا پێکدێنێت، پاشان رووبارەکە روودەکاتە باشوری رۆژهەلات وئینجا بەدووری ٤کم لەباکووری گوندی فیشخابوورەوە ودێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، بەلام رووبارەکە پێش ئەوەی بڕژێتە هەرێمەوە ٧کم سنوری نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق وسوریا پێکدێنێت[3]، ولێرەدا لقی خاپووری تێدەڕژێت. لەباشووری خاڵی بەیەکگەشتنەوەی لقی خاپوور وروباری دیجلە بەپێی وێستگەی توسان بۆ پێوانەکردنی ئاوی رووبارەکە بڕی ئاو پێدارۆشتنی دەگاتە ٦٥٧م$^3$/چرکە.

---

١- صاحب الربيعي، أزمة حوضي دجلة والفرات وجدلية التناقض بين المياه والتصحير، الطبعة الأولى، دارالحصاد للطباعة والنشر، سورية، ١٩٩٩، ص١٤٢.

٢-أحمد عمر أحمد الراوي، مشكلات المياه بالعراق في ظل السياسة المائية التركية وتأثيراتها في الأمن الغذائي، جامعة بغداد، كلية الأدارة والأقتصاد، اطروحة دكتوراه، ١٩٩٩، ص٢٦.

٣- د. صبحي أحمد زهير العادلي، النهر الدولي "المفهوم والواقع في بعض أنهار المشرق العربي"، الطبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٣٥٦.

ئاشکرایە ڕووبارەکە ١٣٨کم لەخاکی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبڕێت، وبەم شێوەیە ڕووبارەکە بەدرێژی ١٣٢٠کم بەخاکی عێراقدا درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە ئاوەڕێژگەکەی لەشەتولعەرەب وبەمەش کۆی گشتی درێژی ڕووبارەکە دەگاتە ١٨٥٠کم،

بەگشتی ڕووبەری ئاوزێلی ڕووبارەکە دەگاتە ١٦٦٠٩٤کم٢، ونزیکەی ٥٧٦١٤کم٢ دەکەوێتە وڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) و٢٤٤٠٩کم٢ لەوڵاتی ئێراندایە (کوردستانی ڕۆژهەڵات)، هەروەها ٨٣٦کم٢ لەوڵاتی سوریادایە (کوردستانی ڕۆژاوا) و٨٣٢٣٧کم٢ دەکەوێتە وڵاتی عێراق.

هەروەها داهاتی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دەگاتە ٤٨ملیار/م٣، لەگەڵ ئەوەی ڕووبەری ئاوەڕێژی دیجلە لەتورکیادا بچووکە، بەڵام بایەخی گەورەی هەیە چونکە ڕووبەرێکی کارای تەواو بۆ هاوبەش وڵاتی تورکیا و(٥٤,٦٢٪) داهاتی ئاوی ڕووبارەکە ولقەکانی لەو بەشە حەوزەی ڕووبارەکەوە دێت کەدەکەوێتە ناو خاکی وڵاتی تورکیاوە، هەروەها (٠,٠٦٪)ی ئاوەکەی لەحەوزی سوریاوە دێت، و(١١,٨٧٪)شی لەحەوزی ڕوبارەکە لەناو خاکی ئێرانەوە دێت لەرێگەی هەردوو لقی زێی بچووك وسیروانەوە، وعێراقیش بەرێژەی (٣٣,٤٥٪) بەشدار دەبێت وهەمووشی دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە. سەیری نەخشەی ژمارە (٢)بکە.

گرنگترین لقەکانی ڕووباری دیجلە:

١- خاپوور: ئەم لقەش لەئەنجامی یەکگرتنی هەردوو لقی (مهرما وهیزل) پێکهاتووە، ولەخاکی تورکیا وعێراقەوە لەزنجیرە چیاکانی جوودی وهیراکولداغ هەڵدەقوڵێت، کەڕووبەری ئاوزێلەکەی دەگاتە ٦٢٦٨کم٢، نزیکەی ٣٦٠٠کم٢ دەکەوێتە تورکیا و٢٦٦٨کم٢دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. درێژی خاپوور دەگاتە ١٦٠کم، داهاتی ئاوی ساڵانەشی دەگاتە نزیکەی ١,٩٦ملیار/م٣، وبەمەش ڕێژەکەی لەپێکهێنانی سەرجەم ئاوی ڕوباری دیجلە دەگاتە ٢.٢٪.[١]

٢- زێی گەورە: لەچیاکانی ئارارات وحەسارۆست لەخاکی تورکیا وعێراقدا هەڵدەقوڵێت، وحەوت لقی تر بەدوو گروپ لەپێکهاتنی بەشداری دەکەن یەکەمیان لەسەرووی گەرووی بێخمەوە پێی دەگات وئەمانەن (زێ، ڕۆیاشین، شەمدینان، کوچك چای، ڕەواندوز چای) ودووەمیان هەردوو لقی (باستوورە چای، خازەر) کەلەباشووری دێی ئاسکی کەلەکەوە دەچنەوە سەر زێی گەورە، پاشان بەدووری ٤٩کم لەباشووری شاری موسڵەوە دەچێتەوە سەر ڕووباری دیجلە. بەم شێوەیە درێژی لقەکە دەگاتە٣٩٢کم، وەڕووبەری ئاوزێلەکەی دەگاتە ٢٦٤٧٣کم٢، کە١٦٦٠٠کم٢ دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە و٩٢١٠کم٢ دەکەوێتە تورکیا، داهاتی ئاوی ١٤ملیار/م٣، بەنزیکەی ٣٣٪ لەئاوی ڕووبارەکە بەشداری دەبێت[٢].

---

١- د. وفيق حسين الخشاب، و د.أحمد سعيد حديد وماجد السيد ولي محمد، الموارد المائية في العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٣، ص٥٢.

٢- كاظم موسى محمد، حوض الزاب الكبير في العراق "دراسة هيدرولوجية"، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم الجغرافية، ١٩٨١، ص٩٢.

٣- زێـی بچـووك: لـەخاكی ئێرانـەوە هەڵـدەقوڵێت، وسـنووری هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق لەرۆژهـەڵاتی قەڵادزەوە لەباكووری ناوچەی دوكان،دوای ئەوەی بە لقی رانیە دەگات لەباشووری شارۆچكەی ئاڵتون كۆپریەوە دەچێتە دەشتی كەركوكەوە ولەباشووری شاری شەرگاتەوە بەدووری ٣٥كم دەچێتەوە سەر رووباری دیجلە. بەم پێیـەش درێـژی زێیەكـە دەگاتـە ٤٠٠كـم، رووبـەری ئاوزێلەكەشـی دەگاتـە ٢١٤٧٥كـم٢، ولەمـەش ١٥٩٧٥كـم٢ دەكەوێتە هەرێم وعێراقەوە و٥٥٠٠كم٢ دەكەوێتە خاكی وڵاتی ئێرانەوە. هەروەها داهاتی ئاوی ساڵانەی دەگاتە ٧,٢ملیار/م٣، هەربۆیە بەنزیكەی ٦,٧٪ بەشداری داهاتی ئاوی دیجلە دەكات.

٣- رووبـاری عـوزێم: لـەلاپاڵی خـوارووی زنجـیرە چـیای قـەرەداغ وبەرزاییـەكانی شـوان لـەخاكی هـەرێمی كوردسـتانی عێراقـدا هەڵـدەقوڵێت، ولەسـێ لـق پێكهـاتووە ئـەوانیش (خاسـە چـای كەبـە شـاری كەركوكـدا تێدەپـەڕێت، تـاووغ چـای كەبەشارۆچـكەی تاووغـدا دەڕوات، واق سـۆ بەشـاری دووزخورمـاتوودا تێدەپـەڕێت) وهەرسێ لقەكەش لەباكووری دێی ئینجانەوە بەیەكتر دەگەن وبەدەشتی غورفەدا دەڕوات ولەخوارووی سامەڕاوە بەنزیكەی ٢٣كم بەرووباری دیجلە دەگات، بەم شێوەیە درێـژی رووبارەكە دەگاتـە ٢٣٠كـم، وەرووبـەری ئـاوزێلی رووبارەكـە دەگاتـە ١٠٩٨٨كـم٢، بـەم شـێوەیە داهـاتی ئـاوی سـاڵانەی دەگاتـە ٠,٩مليـار/م٣، بەنزیكـەی ٢,٢٪ لەپێكهێنانی ئاوی دیجلە بەشداردەبێت[1].

٤- رووباری سیروان (دیالە): لەهەردوو لقی دوواوان وسیروان پێكهاتووە، وسەرچاوەكانیان دەكەوێتـە وڵاتـی ئێـران وعێراقـەوە، یەكـەمیان سەرچـاوەكانی بەتـەواوەتی دەكەوێتـە وڵاتـی ئێـران لە(كوردسـتانی رۆژهـەڵات). ودووەمیان بەسەر وڵاتی ئێران وعێراقدا دابەشدەبێت، لەباكووری بەنداوی دەربەندیخان یەكتردەگرنـەوە وپاشـان بـەرەو باشـوور ملـدەنێت ولـەخوارووی (مەنسـوریەت ئەلجەبـەل)ەوە چـەند لقێكـی لێدەبێتـەوە بـۆ ئـاودانی زەویوزارەكانی پارێزگای دیالـە، پاشـان رووبارەكە بەشـاری بەعقوبەدا گوزەردەكات ودواتر لەباشـووری شـاری بەغداد بەنزیكەی ٣١كم دەڕژێتـە رووبـاری دیجلـەوە[2]، بەپێیـەش درێـژی رووبارەكـە دەگاتـە ٣٨٦كـم، وەبەگشـتی رووبـەری ئـاوزێلی رووبـاری سـیروان دەگاتـە ٣١٨٩٦كـم٢، ولەمـەش ٧٨٢٤كـم٢ دەكەوێتـە وڵاتـی ئێرانـەوە و٢٤٠٧٢كم٢ دەكەوێتە هەرێمی كوردستانی عێراقەوە، وداهاتی ئاوی ساڵانەشی دەگاتـە ٥,٦ملیـار/م٣، تێكرای سەرچاوەكانی لقی رووبارەكە دەكەوێتە خاكی كوردستانی گەورەوە[3].

١- المجلس الزراعي الأعلى، مكتب التنسيق والبحوث الزراعية، دراسة رقم (٩-٢)، صيانة التربة وادارة احواض الأنهر في العراق، مطبعة الأرشاد، بغداد، ١٩٧٨، ص ٢٠.

٢- عطا محمد علاءالدين، قضاء هةلةبجة دراسة في الجغرافية الأقليمية، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، كلية العلوم الأنسانية، قسم الجغرافية، ٢٠٠٧، ص٧٠، رسالة منشورة.

٣- بەریوەبەرایەتی ئاودێری وئاوی سەرزەوی سلێمانی، راپۆرتێكی تایبەت بەلق وجۆگاكانی روباری سیروان لەپارێزگای سلێمانی، ئامادەكردنی نەجمەدین صدیق وئاری اسماعیل، ساڵی ٢٠٠٧، بڵاونەكراوەتەوە.

٥- رووباری ئەڵوەند: لەلاپاڵی بەرزاییەکانی چیاکانی ڕۆژاوای وڵاتی ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت ولەنزیك شاری خانەقین دەڕژێتە رووباری سیروانەوە، بەمجۆرە درێژییەکەی دەگاتە ١٠٠کم، ونزیکەی ٨٠٪ی رووبەری ئاوزێڵی رووبارەکە دەکەوێتە وڵاتی ئێرانەوە، وتێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەشی دەگاتە ١٩.٩م٣/چرکە[١].

٦- هەروەها چەندین لقی تر کەلەبەرزاییەکانی زاگرۆزەوە سەرچاوەکانیان هەڵدەقوڵێت دەڕژێنە رووباری دیجلەوە وکەبگشتی وەرزین و لەگەڵ وەرزی باران بارینداً دەبووژێنەوە ولەگەڵ باران بڕاندا ووشك دەبن، بێجگە لەوەی وڵاتی ئێران بەهۆی دروستکردنی چەندین پرۆژە لەسەر ئەم لقانە وبەکارهێنانی تەواوی ئاوەکەیانەوە وشکیان کردوە و بەشێوەیەکی سنووردار کاریگەریان لەسەر دیجلە دروستکردووە کەجێگەی باسکردن نیە، لەگرنگترینی ئەو لقانەش وەك (رووباری دۆڵی ئاب نەفت، کەنگیر، کەلال بەدرە، رووباری دۆڵی ئەلحەبایب کە بەرووباری ئەلشەهابی ئەبوکایا ناسراوە، رووباری کەرخە، تیب، دوێریج، قارون).

رووباری دیجلە ئاوی لەرووباری فورات زیاترە، ودەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو لقانەی بەتایبەت لەلای ڕۆژاوایەوە واتە لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆزەوە دێنەوە سەر رووباری دیجلە، بەشێوەیەك تێکڕای ئاوی ڕۆشتووی ساڵانەی لەشاری موسڵدا دەگاتە ١٨.٤٤ملیار/م٣، لەکاتێکدا ئاوی هاتووی ساڵانەی لەسەر سنووری تورکیا- سوریا دەگاتە ٣٢ملیار/م٣. رووبارەکە بەدەریاچەی سەرساردا تێپەڕدەبێت، کە پارێزگاری لەئاوی رووبارەکە دەکات، هەروەها دەرچەیەکی هەیە وادەکات بتوانرێت لەکاتی پێویستدا ئاوەکەی بەکاردەهێنرێت. لەساڵی ١٩٧٦ نۆکەندێك بۆ بەستنەوەی رووباری دیجلە بەرووباری فوراتەوە لێدرا لەپێناو بەردانەوەی ئاو لەدەریاچەی سەرسارەوە بۆ سەر رووباری فورات بەتایبەت لەوەرزی باران بڕاندا کەبەتەواوەتی لەوکاتانەدا ئاوەکەی کەم دەکات.

رووباری دیجلە بەلێژی ئاوڕۆکەی وخێرایی ڕۆشتنی ئاوەکەی دەناسرێتەوە، بەڵام هەرچەندە بەرەو باشوور بڕۆین لێژی کەمتر دەبێتەوە وخێرایی ئاوەکەی هێواشتر دەبێت وقوڵی ئاوڕۆکەی کەمتر دەبێت وپێچوپەنا وخواروخێچی زیاتر دەبێت. لەگەڵ لادانی ئاوەکەی لەزەویە تەخت ونزمەکاندا سەرەرای دروستبوونی دەریاچە وزۆنگاوەکان لەباشووری عێراقدا. بەنداوی سەرساریش لەرووی توانای کۆکردنەوەی ئاوی رووبارەکەوە بەیەکێك لەگەورەترین دامەزراوەکان دادەنرێت کەلەسەر رووبارەکە دروستکراوە، سەرەڕای بەنداوی موسڵ ودوکان ودەربەندیخان. ئاشکرایە کەدەبێت لەپێناو باشتر بەکارهێنانی ئاوی رووباری دیجلە پێوستە چەندین بەست وبەنداوی تر لەداهاتوودا لەسەر رووبارەکە دروستبکرێت[٢].


---

١- د. فەرەیدون کاکەیی، داهات وئەمنی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا، کتێبی یەکەم، گیروگرفتی ئاو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٥٧.

٢- د. ئازاد جەلال، هاوسەنگی ئاووکەشوهەوا لەئاوڕێژی رووباری دیجلە وئاسۆی ئایندەی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ساڵی دووەم، ژمارە١٢، حوزەیرانی ١٩٩٩، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کورستانی عێراق، هەولێر، ل٢٦-٢٧.

نەخشەی ژمارە (٢)

ئاوزێلی هەردوو رووباری دیجلە وفورات شوێنی پرۆژە وبەنداواەکان بەپێی وڵاتانی سەر ئاوزێلەکە




سەرچاوە: https://www.google.iq/search?hl=ar&site=imghp&tbm=isch&source=hp&biw

**گرنگترین پرۆژە ئاوییەکان لەسەر رووباری دیجلە:**

**پێویستە لێرەدا ولەپێناو زیاتر ناساندنی ڕۆڵی رووباری دیجلە باس لەگرنگترین ئەو بەست وبەنداوانە بکرێت کەلەسەر رووبارەکە دامەزراون کەئەمانەن:**

**یەکەم: گرنگترین پرۆژە وبەست وبەنداوەکانی سەر رووبارەکە لەوڵاتی تورکیا:**

**بریتین لەپرۆژەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە(کوردستانی باکوور) کەوڵاتی تورکیا پلانی جێبەجێکردنی بۆدرێژاوە وبریاروابووە کەلەساڵی ٢٠٠٥ تەواوکرابێت، لەپێناو بووژانەوەی زەوی وزارەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ وئەمانەدەگرێتە خۆی:**

**١- پرۆژەی دیجلە قەرال قیزی ئەمانە دەگرێتەخۆی:**

**أ- بەنداوی قەرال قیزی لەگەڵ وێستگەیەکی کارۆئاوی: توانای گلدانەوەی ئاوی بەنداوەکە دەگاتە ١,٩١٩ملیار/م٣، تونای وێستگەکە دەگاتە ٩٠میگا/وات، وبەرهەمهێنانی وزە بەبڕی ١٤٦ملیۆن کیلۆوات/کاژێر لەساڵێکدا. وەکارکردن لەپرۆژەکەدا لەساڵی ١٩٩٥ تەواو بوو.**

ب- بەنداوی دیجلە لەگەڵ وێستگەیەکی کارۆئاوی: توانای کۆکردنەوەی ئاوی بەنداوەکە دەگاتە ٠,٩٥٠ملیار/م٣، وتوانای وێستگەکە دەگاتە ١١٩میگاوات، کەبەرهەمهێنانی وزەکەی دەگاتە ٢٩٨ملیۆن کیلۆوات/کاژێر لەساڵێکدا، دەتوانێت رووبەری ١٢٦٠٨٠ هکتار زەوی ئاوبدات، کارکردن لەم پرۆژەیەدا لەساڵی ١٩٩٥ تەواوبووە.

ج- پرۆژەی ئاودێری لای راستی رووباری دیجلە، بەشارە لەئاودێریکردنی رووبەرێك کەدەگاتە نزیکەی ٧٤٠٤٧هکتار زەوی کشتوکاڵی.

٢- پرۆژەی باتمان، پێکهاتووە لە:

أ- بەنداوی باتمان لەگەڵ وێستگەیەکی کارۆئاوی: رووبەری دەریاچەی بەنداوەکە دەگاتە ١,١٧٥ملیار/م٣، وتوانای وێستگەکەش دەگاتە ١٨٥میگاوات، لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانی وزەی ٤٨٣ملیۆن کیلۆوات/کاژێر لەساڵێکدا. سەرەرای ئاودێریکردنی رووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی کەدەگاتە ٣٧٧٤٤هکتار.

ب- پرۆژەی ئاودێری لای راستی رووباری باتمان: بڕیار وایە کەبەشداربێت لەئاودێریکردنی رووبەرێك زەوی کشتوکاڵی کەدەگاتە ١٨٧٥٧هکتار.

ج- پرۆژەی ئاوێری لای چەپی رووباری باتمان: ئامانجی ئاودێریکردنی ١٨٩٨٦هکتار زەوی کشتوکاڵیە.

٣- پرۆژەی باتمان-سلیفان: پێکهاتووە لەبەنداوی سلیڤان کەبەشارە لەئاودێریکردنی ٢١٣هەزار هکتار زەوی، لەگەڵ وێستگەیەکی کارۆئاوی بەتوانای ٣٠٠میگاوات وبەرهەمهێنانی وزە بەتوانای ١٥٠٠کیلۆوات/کاژێر لەساڵێکدا.

٤- پرۆژەی عارزاە: بۆ ئاودێریکردنی زەوی کشتوکاڵی بەرووبەری ٦٠هەزار هکتار ووێستگەیەکی کارۆئاوی بەتوانای ٣١٥میگاوات دامەزراوە، بێجگە لەبەدیهێنانی چەندین ئامانجی تر.

٥- پرۆژەی کارزان: لەبەنداوی کارزان بۆ ئاودێریکردنی ٦٠هەزار هکتار زەوی لەدەشتی کارزان، لەگەڵ وێستگەیەکی کارۆئاوی بەتوانای ٩٠میگاوات پێکهاتووە، بەرهەمە ئەم وێستگەیە دەگاتە ٣١٥ملیۆن وات/کاژێر لەساڵێکدا.

٦- پرۆژەی ئالی صۆ: لەبەنداوێکی گەورە پێکهاتووە ولەسەر رێرەوەی سەرەکی رووباری دیجلە بەدووری ٧٠کم لەسنووری هەرێمی کوردستانی عێراق دروستکراوە، ووێستگەیەکی کارۆئاوی بەتوانای ١٢٠٠میگاوات لەسەر دامەزراوە، لەگەڵ بەرهەمهێنانی ١,٢٨ملیار کیلۆوات/کاژێر کارەبا لەساڵێکدا.[١]

٧- پرۆژەی سیزەر: بریتیە لەبەنداوێك وپرۆژەیەك بۆ ئاودێری ١٢١هەزار هکتار زەوی لەگەڵ وێستگەیەکی کارۆئاوی بەتوانای ٢٤٠میگاوات، وبەرهەمهێنانی وزە بەتوانای ١,٢٨ملیارکیلۆوات/کاژێر لەساڵێکدا، بەنداوەکە دەکەوێتە دووری ٣٠-٤٠کم لەسنووری هەرێمی کوردستانی عێراقەوە نزیك بەنداوی ئالی صۆ.

---

١- رياض حامد الدباغ، مشكلة المياه في العراق، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، مشكلة المياه في الشرق الأوسط الأوسط "دراسات قطرية حول الموارد المائية واستخداماتها، الجزء الأول، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص٢٤٦.

٨- پرۆژەی ئاودێریکردنی دەشتی سلۆپی، بۆ ئاودێری رووبەری ٣٢هەزار زەوی کشتوکاڵی ناوچەکە.

٩- پرۆژەی ئاودێری ناوچەی توسوبین-سیزر-ئایدڵ، بۆ ئاودێری ١٨٩هەزار هکتار زەوی کشتوکاڵی.[١]

١٠- پرۆژەی ئەلیسۆ: لەبەنداوێك ووێستگەیەکی کارۆئاوی پێکهاتووە، دەکەوێتە باکووری شاری جەزیرە نزیك سنووری عێراق-تورکیا، ئامانجی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە بەتوانای ٣٠٢٨میگاوات، بەکارهێنانی بۆ لەئاودێریدا.

وڵاتی تورکیا پلانی داڕشتووە کەلەماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوودا ٨بەنداوی تر لەسەر رووبارەکە دروست بکات، بەمەش ئاوی هاتووی دیجلە لەتورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٥٠٪کەم دەکات، ئاشکرایە کە تورکیا بەتەنها بەڕێژەی ٥٦٪ لەئاوی رووباری دیجلە بەشدار دەبێت، لێرەوە تورکیا هەوڵدەدات لەڕێگەی پرۆژەکانی لەسەر رووبارەکە ئاو بۆ ئاودێریکردنی رووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی ئامادە بکات کەدەگاتە ٥٥٨هەزار هکتار[٢].

دووەم: گرنگترین پرۆژە ئاوییەکانی وڵاتی سوریا لەسەر رووباری دیجلە:

ئاشکرایە رووباری دیجلە لەسەر سنووری تورکیا-سوریا بەدۆڵێکی قووڵ بەبەرزی ٣٦٠مەتر لەئاستی رووی دەریاوە تێپەڕدەبێت، رووباری دیجلە بەخاکی سوریادا لەناوچەی ئەلمالکیە بەتایبەت بەتەنیشت شارۆچکەی "عەین دیوار"دا دەڕوات، وەك پێشتر باسکرا ماوەی ٤٥کم بەئەوپەڕی باکوری رۆژهەڵاتی سوریادا تێپەڕدەبێت، وپاشان لەشارۆچکەی توساندا دەچێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. رووباری دیجلە لەساڵێکدا نزیکەی ٢٣ملیار/م٣ ئاو بۆ وڵاتی سوریا دابین دەکات، وبەم پێیە بەشی سوریا لەئاوی رووبارەکە دەگاتە ٣٥م$^3$/چرکە، وسوریا لەهەوڵدایە کەلەرێگەی دروستکردنی چەند پرۆژەیەکەوە لەسەر رووباری دیجلە ساڵانە ٤٤٥هەزار هکتار زەوی ئاودێری بکات، لەوەش ١٥٠هەزار هکتاری دەکەوێتە ناوچەی ئەلمالکیە وئاوزێلی خاپوور. گرنگترین پرۆژەکانیشی ئەمانەن:

پرۆژەی ئاودێری دیجلەی گەورە وپێکهاتووە لە:

١- وێستگەی راکێشانی ئاوی دیجلە بۆ نۆکەندی عەین دیوار، ئاوی رۆشتوو لەوێستگەکەدا دەگاتە ٤٨م٣/چرکە، وبەرزیەکەی ٩٥مەتر دەبێت، ونۆکەندێکیش بەدرێژی ٢٥کم بەرەو وێستگەی ئەلمالکیە لێدراوە بەمەبەستی ئاودێری کردنی رووبەری ١٥٤٠٠هکتار زەوی کشتوکاڵی.

٢- وێستگەی ئەلمالکیە، ئاو لەنۆکەندی عەین دیوارەوە بۆ بەنداوی ئەلمالکیە دەگوێزێتەوە، بەبڕی ٤٥م٣/چرکە، بەبەرزی ٥٢مەتر، بەنداوی ئەلمالکیە دەکەوێتە باشووری ئەلمالکیە لەسەر دۆڵی ئەلسەفان

---

١- أحمد عمر أحمد الراوي، مشكلات المياه بالعراق في ظل السياسة المائية التركية وتأثيراتها في الأمن الغذائي، مصدر سابق، ص٢٦.

٢- رياض حامد الدباغ، مشكلة المياه في العراق، مصدر سابق، ص٢٤٦.

ودرێژییەکـەی دەگاتـە ٣کـم وپانیەکەشـی ٧٨مـەتر دەبێـت، توانـای کۆکردنـەوەی ئـاو لەکۆگاکەیـدا دەگاتـە ٧١٨ملیۆن/م٣. وەلەرێگەی نۆکەندێکی لمینەوە بەدرێژی ٢٧کم جارێکیتر ئاو لە بەنداوەکەوە دەگوازرێتـەوە بۆ بەنـداوی "ئەلجەوادییـە" کـە بـەکاردێت بـۆ ئـاودێریکردنی روبـەری ١٦٠٠٠هکتـار زەوی لەباشـووری شـاری ئەلمالکیە، بێجگە لەگواستنەوەی ئاو بۆ ناوچەکانی جەوادیە ویەعروبیە وباشوری بانی کراتشوك. جارێکیتریش لەبەنـداوی جەوادیـەوە ولەرێگـەی نۆکەنـدێکی تـرەوە بەدرێـژی ٣٥کـم ئـاو دەگوازرێتـەوە بـۆ ئـاودێری کردنـی ٢٩٣٠٠هکتـار زەوی لەباشـووری خۆرهـەڵاتی هـەردوو ناوچـەی جەوادییـە وقەحتانیـە، لەکاتێکـدا بەنـداوی "ئەلسەفان" نۆکەندێکی بەدرێژی ٦٥کم لێدەبێتەوە بۆ ئاودێریکردنی رووبەری ٩١٦٠٠هکتار زەوی لەباشووری هەردوو ناوچەی جەوادیە وقەحتانیە.

٣- بەنـداوی باسـل، بەسـێیەم گـەورەترین بەنـداو لەسـوریادا دادەنرێـت، کـارکردن تیایـدا لەسـاڵی ١٩٩٧ تەواوبوو، وەلەدوو بەنداو (سـەرەکی وناوەنـدی) پێکهـاتووە، سـەرەکیەکە درێژیەکـەی ٤٧١٠مـەترە وپانیەکەشـی ٨مـەترە وقوولیەکەشـی دەگاتـە ٢٨مـەتر، بەنـداوە لاوەکیەکـەش درێژیەکـەی ٢٨٣٥مـەترەو پانیەکەشـی ٨مـەترە وبەرزییەکـەی ٢٨مــەتر دەبێــت ورروبــەری گشــتی دەریاچــەکەی دەگاتــە٩٥کــم٢، ســەرەرای وێســتگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بەتوانای ٩,٥میگاوات[1].

سێیەم: گرنگترین پرۆژە ئاوییەکان لەوڵاتی عێراق وهەرێمی کوردستان لەسەر رووباری دیجلە:

**١- بەنداوی بێخمە:** دەکەوێتە سەر زێـی گـەورە بـەدووری ٤٠کم لەسنووری ئێرانـەوە، بەمەبەسـتی ئـاودێری ناوچـەکانی دەشـتی هـەولێر، لەسـاڵی ١٩٨٧ دەسـتکرا بەدروسـتکردنی لەلایـەن دوو کۆمپانیـا ئـەوانیش (ENKA)ی تـورکی و(HIDROGRADNJA)ی یوغسـلافی، قۆنـاغی یەکـەمی لـەحوزەیرانی سـاڵی ١٩٩٠ تەواوکرا، توانای ئاوگرەکەی دەگاتە ٨.٣ملیار/م٣، وبەدرێژی ٤٨٠مـەتر وبـەپانی ١٢٨مـەتر وبـەرزی ١٨٦مـەتر، هەروەها ئاوی ڕۆشتوو تیایدا دەگاتە ١١٤٠٠م٣/چرکە کاتێك بەرزی ئاوەکە لەبەنداوەکەدا دەگاتە ٤٩٣,٥مـەتر، وتوانای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای دەگاتە ١٣هەزار کیلۆوات/کاژێر. هەروەها لەگەڵ کۆمپانیا یوغسلافیەکەدا رێکـەوتن کەبەنـداوی بـادوش لەسـەر زێـی گـەورە لەناوچـەی مەنـداوا دروسـت بکرێـت، بـەڵام هەرچـۆنێك بێـت بەنـداوەکان تەواونـەکران ئـەوەش دوای رووداوەکـانی سـاڵی ١٩٩٠، بـەهۆی بـەتاڵانبردنی کەرەسـە وئامێرەکـانی بەنداوەکە. هیـوادارین کەحکومـەتی هـەرێم بـەزووترین کـات دەسـت بەجێبـەجێکردنی دروسـتکردنی بەنداوەکە بکاتەوە وپێویستیەکانی بۆ دابین بکرێت، چونکە توانـای کۆکردنـەوەی ئاو لەهەرێمدا بەرێژەیەکە گەورە زیاد دەکات.

١- د. رمزي سلامة، مشكلة المياه في الوطن العربي "احتمالات الصراع والتسوية"، مصر، ٢٠٠١، ص١٠٣-١٠٦.

**٢- بەنداوی موسڵ:** دەکەوێتە دووری ٥٠کم لەباکووری خۆراوای شاری موسڵ، رووبەری دەریاچەی بەنداوەکە دەگاتە ٤١٧کم٢، توانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا دەگاتە ١٣.٥مليار/م٣، درێژیەکەی ٣٥٠٠مەتر دەبێت وپانیەکەی ١٢٩مەترە وبەرزیەکەی دەگاتە١٢٦مەتر، وەتێکڕای ئاو ڕۆشتنی یان بەرهەمی ئاوی دەگاتە ١٧٥٠٠م٣/چرکە. بەنداوەکە لەساڵی ١٩٨٠ دروستکرا بەمەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کەبڕەکەی دەگاتە ٣٢٠هەزار کیلۆوات/کاژێر، سەرەڕای ئاودێریکردنی رووبەرێك زەوی کەدەگاتە ٣,٥مليۆن "مشارە"، یەك مليۆن مشارەی دەکەوێتە ناوچەی جەزیرە، داهاتی ئاوی ساڵانەی بەنداوەکەش دەگاتە ١٨,٤٤مليار/م٣ لەساڵێکدا.

**٣- بەنداوی دوکان:** ئەم بەنداوە لەسەر زێی بچووك لەساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە، شوێنی بەنداوەکە دەکەوێتە دووری ٦٥کم لەباکووری خۆراواوە، درێژی بەنداوەکە دەگاتە ١٦٠مەتر وپانیەکەشی ١١٦مەترە وبەرزیەکەشی دەگاتە١١٦,٥مەتر، قووڵی ئاوەکە لەلای بارستەی بەنداوەکەوە دەگاتە دەوروبەوری ١٠٠مەتر، ودوودەرچەی هەیە وتێکڕای ئاوپێدا ڕۆشتنیان لەئاستی ١٦,٦مەتر لەدەوروبەری ٦٦م٣/چرکەدایە. ئامانجی بەنداوەکەش سووکردنی لافاوی رووباری دیجلەیە لەگەڵ ئاودێری ناوچەکانی خۆراوای کەرکوك وبەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کەدەگاتە ١٠٠هەزار کیلۆوات/کاژێر، وەتوانای کۆکردنەوەی ئاوی لەسنووری ٦.٨مليار/م٣، وکۆی ئاو پێداڕۆشتنی دەگاتە ٤٤١٠م٣/چرکە.

**٤- بەنداوی عوزێم:** لەسەر رووباری عوزێم دروستکراوە، ولەساڵی ١٩٩٨ کاری تێداکرا ولەکانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ تەواوبوو. پرۆژەکە لەبارستەی بەنداوەکە وتونێلێ بۆلادان ورێکردنی ئاو لەبەنداوەکەدا لەگەڵ تونێلی تر بۆ وزە وئاودێری وشۆردنەوەی خاك لەناوچەکە، سەرەڕای وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی. بڕ وچەندێتی پڕکردنەوەکان لەبەنداوەکەدا گەشتە ٩مليۆن/م٣، وهەڵکەندنەکانیش ٣مليۆن/م٣، وبڕی کۆنکریتی بەکارهێنراویش گەشتە٣٥٠هەزار/م٣. ئامانجی پرۆژەکەش بریتیە لەئاودێریکردنی رووبەرێك زەوی کەدەگاتە ١٠٠هەزار دۆنم.

**٥- بەنداوی دەربەندیخان:** لەسەر رووباری سیروان لەساڵی ١٩٦١ دروستکرا، ولەپیکهاتەیەکی بەردینی بەهێز پێکهاتووە بەمەبەستی نەهێشتنی لافاو وبەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی بەبڕی ١٣هەزار کیلۆوات/کاژێر لەساڵیکدا، کۆی رووبەری ئاوزێلی بەنداوەکە کەدەکەوێتە بەرزی ٢٠٠٠مەتر لەئاستی رووی دەریاوە دەگاتە ١٧٨٥٠کم٢، درێژی بەنداوەکە ٥٣٥مەترە وپانیەکەشی ١٢٨مەترە، وەبەرزی بەنداوەکە ١٢٨مەتر دەبێت وتێکڕای ئاو پێداڕۆشتنی دەگاتە ١١٤٠٠م٣/چرکە کاتێك بەرزی ئاستی ئاو لەبەنداوەکەدا دەگاتە ٤٩٣,٥مەتر، توانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا دەگاتە ٣,٥مليار/م٣[١].

---

١- د. وفيق حسين الخشاب، و د.أحمد سعيد حديد وماجد السيد ولي محمد، الموارد المائية في العراق، مصدر سابق، ص١٧٦.

**٦- بەنداوی کەوڵۆس:** دەکەوێتە سەر ڕووباری چەقان ودواتر دەڕژێتە ناو دەریاچەی دەربەندیخانەوە، بەرزیەکەی ٦٠مەترە وتوانای کۆکردنەوەی ئاوی دەگاتە ٨٣ملیۆن/م٣، ئامانجی ئاودانی رووبەری ٤٠هەزار مشارەیە.[١]

**٧- بەنداوی دبس:** بەنداوێکی ژێرئاو کەوتووە (غاگس)، لەسەر رووباری زێی بچووك لەساڵی ١٩٦٥ دروستکراوە، لەلم وچەو پێکهاتووە، ودرێژیەکەی دەگاتە ٦٥٠ مەتر وپانیەکەشی ٢٢مەترە وبەرزیەکەشی ٢٢مەتر دەبێت، ٨دەرچەی بۆ کراوە کەدرێژی هەریەکێکیان دەگاتە ١١ مەتر، بەرزی هەریەکێکیان دەگاتە ٧,٥مەتر، بەرزترین ئاستی ئاو پێدا ڕۆشتنی دەگاتە ٤٠٠م٣/چرکە، توانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا تەنها ٠.٠١ملیار/م٣ دەبێت، لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانی بڕێکی کەمی وزەی کارۆئاوی.

**٨- بەنداوی حەمرین:** دەکەوێتە سەر رووباری سیروان بەدووری ١٢٠ کم لەباکووری خۆرهەڵاتی شاری بەغداوە، ولەساڵی ١٩٨٠ دروستکراوە، ودرێژی بەنداوەکە دەگاتە ٣٣٦٠مەتر وپانیەکەی دەگاتە ٧٠ مەتر وبەرزیەکەی ٤٠مەترە، لەگەڵ توانای کۆکردنەوەی ئاو بەقەبارەی ٣,٩٥ملیار/م٣، وتیکڕای ئاو پێدا ڕۆشتنی دەگاتە ٤٠٠م٣/چرکە.

**٩- بەنداوی سامەڕا:** لەنێوان ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٦ راستەوخۆ لەسەر ڕووباری دیجلە دەمەزرێنرا، لەپێناو کەمکردنەوەی مەترسی لافاوی رووبارەکە، ئەویش بەهەڵگرتنی بەشێك لەئاوی رووبارەکە بەرەو دۆڵی سەرسار لەخۆراوای رووباری دیجلە، لەرێگەی نۆکەندێکەوە بەدرێژی ٥٦کم لەخواروی ڕووبارەکەوە بۆ ئەوەی بڕژێتە دۆڵی سەرسارەوە وپاشان لەوەرزی هاویندا ئاوەکەی جارێکیتر دەگەڕێنرێتەوە  بۆ ناو ڕووباری دجلە، نزمایی ودۆڵی سەرسار دەکەوێتە ناوچەی جەزیرەوە لەنێوان رووباری دیجلە فورات نزیکەی ١٦٠کم لەباکووری شاری بەغداوە، وتوانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا دەگاتە ٦٠ملیار/م٣ بۆ٨٥ملیار/م٣.

**١٠- بەنداوی کوت:** ئەم بەنداوە لەساڵی ١٩٣٩-١٩٤٣ لە لەسەر رووباری دیجلە لەنزیك شاری کوت دروستکراوە، وبۆ ئاودێری زەویوزارە کشتوکاڵیەکانی پرۆژەی دجێلی نمونەیی سوودی لێوەردەگیرێت. بێجگە لەمانەش پێشنیاری چەندین بەنداوی تر کراوە کەلەداهاتوویەکی نزیکدا لەهەرێمی کوردستان وعێراقدا جێبەجێبکرێن[٢].

چوارەم: گرنگترین پرۆژە ئاوییەکانی وڵاتی ئێران لەسەر رووباری دیجلە:

وڵاتی ئێران ١٤,٧٠٪ لە رووبەری ئاوزێڵەکە لەگەڵ ١١,٨٧٪ لەداهاتی ئاوی رووباری دیجلەدا بەشداردەبێت، چونکە سەرچاوە سەرەکیەکانی هەردوو لقی زێی بچووك وسیروان دەکەونە خاکی ئێرانەوە، ئاشکرایە کەوڵاتی

---

١- غلام حسين نهازي، مشكلة المياه في ايران(١) "دراسة حول مصادر المياه وكيفية استغلالها"، دراسات قطرية حول الموارد المائية واستخداماتها، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مركز الدراسات الأستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص٤١٢.

٢- د.نجيب خروفة ود.مهدي الصحاف ود.وفيق الخشاب، الري والبزل في العراق والوطن العربي، بغداد، ١٩٨٤، ص٢٠٧.

ئێران چەندین پرۆژەی ئەنجامداوە وتەنانەت بەردەوام پلانی هەیە کە پرۆژەی تر کەخۆی لەبەست وبەنداوەکاندا دەبینێتەوە، هەندێك جاریش پرۆژەکان ئاراستەی لادانی ڕێڕەوی ڕووبارەکانە لەئاراستەی خۆیان بۆ ناوەوەی خاکی ئێران، کەئەمەیان پێچەوانەی هەموو یاسا وڕێسا نێودەوڵەتیەکانە، کەبەئاشکرا لەبەندەکانیدا پێداگری لەوەدەکات کەهیچ دەوڵەتێك بۆی نیە ئاراستەی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بگۆڕێت، ئاشکرایە وڵاتی ئێران هەتا ئێستا پرۆژەکانی لەجێبەجیکردندان وتەواونەبوون، هەرلەبەرئەوە کاریگەربەکی ئەوتۆیان لەسەر داهاتی ئاوی هەردوو لقی زێی بچوك وسیروان دروستنەکردوە، بەڵام لەگەڵ تەواو بونیاندا کێشەی ئاوی لەناوچەکەدا بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دێتەئاراوە. سەیری نەخشەی ژمارە (٣)بکە. پرۆژەکانیشی ئەمانەن:

**أ- پرۆژەی کاوشان وگواستنەوەی ئاوی ڕووبارە سنووریەکان:** یەکێکە لەپرۆژە مەترسیدارەکان کەبریتیە لەدروستکردنی ٩ بەنداو لەسەر ڕووباری سیروان، لەگەڵ تەواوکردنیدا ئێران دەتوانێت نزیکەی ٢٦٠ملیۆن/م٣ ئاو حەوزی ڕووباری سیروان بگوازێتەوە بۆ بۆ ڕووباری کەرخە، ودەتوانێت بەتێکەڵکردنی لەگەڵ ئاوی ژێرزەویدا بەکاری بهێنێت بۆ ئاودانی ٣٠١ هەزار هکتار لەزەوی دەشتی کامیاران وبیلۆر، لەگەڵ ئامادەکردنی یەك ملیۆن مەتر سێجا ئاو بۆ پرۆژەی درێژخایەنی ئاوی کرماشان. هەروەها گواستنەوەی ئاوی ڕووباری سیروان بۆ ناوچەکانی دەشتی زەهاو یەکێکە لەپلانەکانی وڵاتی ئێران کەئێستا بەشێکی زۆری تەواوکراوە، ئەمەش لەرێگەی لادانی ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکە بۆ ناوەوەی ئێران، بۆ ئەمەش ئێران دروستکردنی بەنداوی داریان وچەند تونێلێك لەسەر ڕێڕەوی ڕووبارەکە لەنزیك شاری پاوەی کوردنشین لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. کەدەتوانێت لەرێگەیەوە بەتەواوەتی ڕووباری سیروان وشك بکات، بۆ تاقیکردنەوەی سەرکەوتنی پرۆژەکەش لەرۆژیسێشەممە واتە ٢٤ تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو ئەم کارەی ئەنجامدا وبەڕێژەی ٧٥-٨٠٪ ئاوی سیروانی کەمکردەوە[1].

**ب- دروستکردنی بەربەست** لەسەر هەردوو ڕووباری سیلاخۆ وجەغلوەندی بۆ باشترکردنی ئاودێری دەشتی ناوچەکە.

**ج- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی ئەڵوەند لەسەر ڕووباری ئەڵوەند:** چۆمی ئەڵوەند لەناوچەی کەرەند هەڵدەقوڵێت وپاش ئەوەی دێتە ناوخاکی هەرێمی کوردستانەوە دەرژێتە ڕووباری سیروانەوە، ٨٠٪ ڕووبەری ئاوزێلی ڕووبارەکە دەکەوێتە ئێرانەوە، تێکرای ئاوی ڕۆشتووی ساڵانەی دەگاتە ١٩,٩م٣/چرکە، درێژیەکەی ١٠٠کم دەبێت وناوەندی پانی ئاوزێلی ڕووبارەکە دەگاتە ٤٠کم، پانیەکەی ٣٠-٥٠مەترە وقووڵیەکەی ٢-٥مەتر دەبێت[2]. ساڵی ١٩٥٤ ئێران بۆ سوود وەرگرتن لەئاوی چۆمەکە لەنێوان خوسرەوی وقەسری شیریندا ئێران جۆگەیەکی هەڵبەست ودواتر بەتەواوەتی ئاوی ئەڵوەند کەمی کرد. پاشان لەرێگای دروستکردنی پرۆژەی

---

١- غلام حسين نهازي، مشكلة المياه في ايران(١) "دراسة حول مصادر المياه وكيفية استغلالها"، مصدر سابق، ص٤١٢.

٢- مياه كوردستان وآفاق المستقبل، منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، دراسة رقم(٩)، الطبعة الأولى،مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٦، ص١٣.

بەنداوی ئەڵوەنـدەوە وڵاتـی ئێـران بەتـەواوەتی دەتوانێـت لەهـەموو بارودۆخێكـدا ئـاوی رووبارەكـە بگرێتـەوە تەنانەت وشكردنی تەواوی ئاوەكەی، ئاشكرایە پرۆژەكە تەواوكراوە وتەنانەت ئێران هەنـدێك جار لەگـەڵ وەرزی باران بڕانـدا لەرێگـەی بەنداوەكـەوە ئاوەكـەی بەتـەواوی دەگرێتـەوە ورووبـاری ئەڵوەنـد وشك دەكات، كەئەمـەش كێشەی گەورەی بۆ دانیشتوانی شاری خانەقین وكشتوكاڵكردن لەقەزاكەدا دروستكردووە بەتایبـەت كشتوكاڵی هاوینە.

چۆمی قۆرەتوو لەباكوری قەسری شیرین هەڵدەقوڵێت، بەشێكی زۆر كەم لەسنووری هەرێم وئێران پێكدێنێت لەناوچەكەدا وپاشـان دێتـە هـەرێم ودەڕژێتـە نـاو سیروانەوە، بـەهۆی دروستكردنی چـەند بەنداوێكی بچووكەوە لەلایەن ئێرانەوە ئاوەكـەی بەتـەواوەتی كـەم بوەتـەوە وتەنانـەت وشـكردنی لـەوەرزی هاوینـدا. چۆمی كـەنگیریش یەكێكە لەلقەكان كەلەئێرانەوە دێتە هەرێمەوە ولەساڵی ١٩٤٧ ئێران بۆ ئاودێری زەوییە كشتوكاڵیەكان سوودی لێوەرگرت ئاوەكەی تەواو كەمبوەتەوە وتەنانەت وشكبوونی لەوەرزی بێ بارانیدا.[1]

**د- پرۆژەی دروستكردنی چەندین تونێل وبەنداو لەسەر لقی رووباری زێی بچووك:** ئامانج لەپرۆژانە بریتیە لەگرتنـەوە ولادانـی رێـرەوی ئـاوی رووبارەكـە بـۆ نـاوەوەی سـنووری ئێـران. هـەروەها دروسـتكردنی بەنـداوەكان لەسـنووری پارێزگـای ئورمیـە دەبێتـە هـۆی بڕینـی ئـاوی سەردەشـت كەدێتـە ناوخـاكی هەرێمـەوە ودەڕژێتـە نـاو دەریاچەی دوكانەوە، كەئەم كـارەش لەسـەرخۆ دەبێتـە هـۆی بڕینـی ئـەو ئـاوەی كەدەڕژێتـە دەریاچـەی دوكانـەوە وكەمبوونەوەی ئاوی دەریاچە بەرێژەیەكی گەورە[2].

چۆمی بناوەسووتە یەكێكە لەو چۆمانەی لەئێرانەوە سەرچاوەكانی هەڵدەقوڵێت وئاوەكەی دەڕژێتـە نـاو زێـی بچـووكەوە، بـەڵام ئێـران سـێ جۆگـەی لەسەرهەڵبەسـتوە وئاوەكـەی لـەناو ئێرانـدا بـۆ ئـاودێریكردنی زەوییـە كشـتوكاڵیەكانی ناوچـەكە بـەكاردێنێت، وئاوەكـەی بەتـەواوەتی كـەمیكردوە وئـەویش لـەوەرزی كـەم ئاویـدا رووبەرووی وشكبوون دەبێتەوە.[3] سەیری نەخشەی ژمارە (٣) بكە.

دووەم: ڕووباری فورات:

سەرچـاوەكانی رووبـاری فـورات لـە(بانی ئـەرمینیا)وە[*] كەبەشـێكە لەدرێژبوونـەوەی بـانی رۆژهـەڵاتی بـانی ئـەنادۆل لەناوچـەیەكی شـاخاویەوە لـەنێوان دەریاچـەی وان ودەریـای ڕەش بـەدوو لقـی گـەورە دەسـتپێدەكات

---

١- محمد جواد علي المبارك، اثر المياه في العلاقات بين الدول دراسة في مكامن الصراع أو التعاون بين دول المشرق العربي ودول الجوار الجغرافي، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٤، ص٨٤، غير منشورة.

٢- عطا محمد علاءالدين، التحليل الجغرافي لواقع واستخدام الموارد المائية في محافظة السليمانية وآفاقها المستقبلية، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، كلية العلوم الأنسانية، قسم الجغرافية، ٢٠١٢، ص٢٠٢. غير منشور.

٣- د. فەرەیدوون كاكەیی، داهات وئەمنی ئاو لەهەرێمی كوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

* بانی ئەرمینیا بە درێژبوونەوەی بانی ئەنادۆل لەبەشی رۆژهەڵاتیەوە دادەنرێت ونزیكەی ٥٪ ی رووبەرەكەی پێكدەهێنێت، چیاكانی بەنتس دەكەوێتە سنووری باكوور وتۆرۆس سنووری باشوری پێكدێنێت، هەردووكیان لەم بانەدا یەكدەگرنەوە، و

کەئـەوانیش لەحـەوت لقـی لاوەکـی تـر پێکهـاتوون، یەکـەمیان فـورات سـۆ یـان (قـەرە سـۆ) لەچـەند چـەمێکی هەمیشەیی پێکدێت ولەناوچەیەکی شاخاوی سەخت بەبەرزی زیاتر لە٣٠٠٠مەتر لەئاستی دەریاوە لێژدەبێتەوە ناوچەیەکی شاخاوی سـەخت لەکوردسـتانی تورکیـا (باکوور) دەبڕێـت وپاشـان لەگـەڵ لقـە سـەرەکیەکەی تـری فـورات کەئـەویش لەچـیا بـەرزەکانی کوردسـتانی تورکیـاوە هەڵـدەقوڵێت وبەناوچـەیەکی شـاخاوی سـەخت وپێچاوپێچـدا دەڕوات لەگـەڵ لقـی فـورات سـۆ لەئاسـتی (حـەوزی مەلاتیـە) بـەدووری ١٠کـم لـەباکووری شـاری (کیبـان) کوردسـتانی تورکیـاوە یەکدەگرنـەوە، ڕووبـەری ئـاوزێلی رووبـاری فـورات هـەتا شـوێنی یەکگرتنـەوەیان کەبریتیـە لـەئاوزێلی هـەردوو لقەکـە دەگاتـە نزیکـەی ٦٤,١ هـەزارکم٢، پـاش ئـەوەی ڕێـرەوەی سـەرەکی رووبـاری فـورات پێکـدێت ودوای شـاری کیبـان بەئاراسـتەی باشـووری خـۆراوا بـەپاڵ کـەنارەکانی خۆرهـەڵاتی چیاکانی تۆرۆسدا دەڕوات، لێرە بەدواوە ئاوەکەی بەشێوەی چەندین تاڤگە لێژدەبێتەوە، هـەتا ئـەم شـوێنە پێـی دەوترێت (دۆڵـەکانی سـەرەوە) رووبـاری فـورات، لـەم ناوچـەیەدا لەگـەڵ رووبـاری دیجلـەدا لەیـەکتر نزیـك دەبنـەوە، پاشـان بەهەمان ئاراستەی باشووری خۆراوا دەشتی مەلاتیە دەبڕێت. وەپێش ئـەوەی رووبارەکە ناوچە شاخاویەکان بەجێبهێڵێت لقی (شێخان) تێدەڕژێت، وپاشان دوای بڕینی ماوەیەك چەند لقێکی تری تێدەڕژێت وەك (ئاق سۆ، قەرە سۆ، کوك سۆ، بیرك سۆ)، لێرەوە دۆڵەکانی ناوەڕاست دەستپێدەکات وئاراستەکەی لەباشووری خۆراواوە دەگۆڕێت بۆ باشوور، و ئیتر رووبارەکە خاکی تورکیا بەجێدەهێڵێت ولەشاری جەرابلوسدا دەچێتە خاکی وڵاتی سوریاوە. بەم شێوەیە رووباری فورات لەشوێنی یەکگرتنی هەردوولقە سەرەکیەکەی (فورات سۆ، موراد سۆ) لـەنزیك شـاری کیبانـەوە هـەتا دەگاتـە سـنوری وڵاتـی سـوریا نزیکـەی ٤٤٢کـم لـەخاکی وڵاتـی تورکیـا دەبڕێـت، وڕووبەری ئاوزێلەکەشی ١١٠هەزارکم٢ دەبێت. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

دوای ئـەوەی ڕووبارەکـە گۆشـەی بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی وڵاتـی سـوریا لـەناو کوردسـتانی رۆژاوادا لەناوچـەی جەرابلوسدا دەبڕێت دێتە خاکی سوریاوە، واتە ئیتر بەهێواشی دێتە ناو بانی وڵاتی شامەوە، لقی (ساجوور)ی تێدەڕژێت، ئەم لقە لەنێوان شاری عـەنتاب وجـەرابلوس لـەخاکی سوریادا سەرچاوە دەگرێت، ئینجا ڕوودەکاتـە خۆرهـەڵات وبەشـاری ڕەقـەدا تێپـەڕدەبێت، دواتـر لقـی (بلـیخ) لەعـەین عەروسـەوە هەڵـدەقوڵێت دەڕژێتـە رووبارەکـەوە، پاشـان بەئاراسـتەی باشـووری خۆرهـەڵات نـزم دەبێتـەوە وبەشـاری (دێـر ئـەلزور)دا تێدەپـەڕێت، وئینجـا پـاش بڕینـی ماوەیـەك لقـی (خـاپوور)ی دەچـێتە سـەر، ئـەم لقـە لـە (بـانی ماردین)لـەتورکیا و(ڕەئـس ولعەینەوە) سوریاوە هەڵدەقوڵێت. پاشان رووبارەکە ڕوودەکاتـە ئەلبوکـەمال وبەمـەش رووبارەکە مـاوەی ٦٧٥–٦٨٠کـم لـەخاکی سـوریا دەبڕێـت ودەچـێتە خـاکی وڵاتـی عێراقـەوە، ودۆڵـی خـوارەوەی رووبارەکـە لێـرەوە

بەزۆری تەقینەوەی گڕکانەکان وسەرما وسۆڵەی زۆر دەناسرێتەوە، سەرچاوەکانی هەردوو رووباری دیجلە وفوراتیش لەم بانەوە هەڵدەقوڵێت. تێکڕای بارانی ساڵانەش لەبانەکەدا زیاترە ل١٠٠٠ملم بەراورد بەناوچەکانی تری وڵاتی تورکیا ڕێژەیەکی گەورەتر پێکدێنێت. ئاشکرایە هەمووناوچەکانی بانەکەش بەشێکی دانەبڕاون لەخاکی کوردسان لەوڵاتی تورکیادا وبەکوردستانی باکوور ناسراوە.

دەستپێدەکات، کەئەویش لە(حسێبەی قائیم)ەوە دەستپێدەکات ودواتر بەئاراستەی باشووری خۆرهەڵات دەڕوات، ولەخوارووی شاری هیتەوە لەپارێزگای ئەنبار دەچێتە ناو دەشتی نیشتەنیەوە، وبەنزیك شاری رومادیدا دەڕوات، ودواتر لەنزیك شاری بەغداوە تەنها بەدووری ٤٠کم لەڕووباری دیجلە نزیك دەبێتەوە، رووبارەکە بەردەوام بەرەوباشوور ملدەنێت وپاشان لەناوچەی (موسەیب) رووبارەکە دەبێت بەدوو بەشەوە وئەوانیش (شەتی حیللە) و(شەتی هیندیە)ن، پاشان لەسەماوەدا یەکدەگرنەوە، ولەکۆتاییدا لەگەڵ ڕووباری دیجلەدا لە(گەرمەت عەلی) یەکدەگرنەوە وپێکەوە رووباری (شەتولعەرەب) پێکدێنن، بەم شێوەیە رووبارەکە نزیکەی ١٢٠٠کم لەخاکی وڵاتی عێراق دەبڕێت بەبێ ئەوەی هیچ لقێکی بچێتە سەر، سەرەڕای ئەوەی کەبەردەوام لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا بەکاردەهێنرێت.

ڕووبەری ئاوزێلی ڕووباری فورات دەگاتە نزیکەی ٤٤٤٠٠٠کم٢، وڵاتی تورکیا بەرێژەی ٨٠٪ بەشداری تێدا دەکات، بەڵام سوریا تەنها ٢٠٪ پێکدێنێت لەکاتێکدا داهاتی ئاوی رووبارەکە ٨٠٪ هەموو سەرچاوە ئاوییەکانی سوریا پێکدێنێت ئەمەش ڕۆڵی گەورەی رووبارەکە بۆ وڵاتی سوریا دەردەخات، هەروەها رووبەری ئاوزێلی رووبارەکە لەسوریادا دەگاتە ٧٢هەزار کم٢ وئەمەش دەکاتە ١٦٪ی خەوزی روباری فورات و٤٠٪ی رووبەری وڵاتی سوریا.[١]

ئاشکرایە داهاتی ئاوی رووبارەکە بەتەواوەتی کاریگەرە بەبارودۆخی ئاووهەوای ناوچەی ئاوزێلی ڕووبارەکەوە لەڕووی دابارین وپلەکانی گەرماوە، وئەمش بەردەوام دەگۆڕێت وجێگیر نیە، تێکڕاکانی دابارین لەدۆڵەکانی سەرەوەی رووباری فورات واتە لەخاکی وڵاتی تورکیادا دەگاتەزیاتر لە١٠٠٠ملم لەساڵێکدا، وەهەرچەندە بەرەو سنووری تورکیا–سوریا بڕۆین دابارین کەمتر دەبێتەوە وتێکڕاکانی دەگاتە نزیکەی ٢٥٠–٣٠٠ملم لەساڵێکدا، پاشان هەرچەندە بەرەو رۆژهەڵات وباشوری ڕۆژهەڵات بڕۆین تێکڕاکانی دابارین کەمتر دەبێتەوە هەتا دەگاتە نزیکەی ١٠٠ملم لەساڵێکدا لەسنووری سوریا–عێراق. ئەمە بێجگە لەکاریگەری رۆچوونی ئاو بەناو خاکدا لەگەڵ زۆری بەهەڵمبوون بەهۆی بەرزبوونەی پلەکانی گەرما بەپلەیەکی بەرز لەوڵاتی سوریا وعێراق وکەمتریش لەوڵاتی تورکیا، بێجگە لەکاریگەری ڕۆشتنی ئاو لەرووبارەکەدا بەولقانەی دەڕژێتە سەری، بەشێوەیەك داهاتی ساڵانەی ئاوی هاتوو لەرووبارەکەدا لەتورکیادا دەگاتە ١٩ملیار/م٣، بەڵام لەسەر سنووری سوریا–عێراق دەگاتە ٢٧ملیار/م٣. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی داهاتی ئاوی رووبارەکە ناجێگیرە، بەهۆی کاریگەری بەزۆر وکەمی بارن وبەفرەوە، لافاوی ڕووبارەکە لەگەڵ دابارینددا لەمانگی تشرینی یەکەمەوە بۆ مانگی ئازار دەخایەنێت وئەم ماوەیەش بەلافاوی ناجێگیر ناسراوە وڕۆشتنی ئاوەکەشی لەنێوان ٥٠٠ بۆ ٦٠٠م٣/چرکەیە، بەڵام لەکاتی لافاوی جێگیردا بڕی ئاوی ڕۆشتوو لەڕووبارەکەدا زیاد دەبێت وبەرزونزمی

١– عايدة العلي سري الدين، العرب والفرات بين تركيا واسرائيل، الطبعة الاولى، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت، ١٩٩٧، ص١٤ و٣٨.

ئاوەکەی کەمتر دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی توانەوەی بەفرەوەیە لەچیاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستانی باکوور) لەمانگی نیسان بۆ ئایار دەخایەنێت. لافاوی ڕووبارەکەش دەکەوێتە نێوان ٧٠٠ بۆ ١٠٠٠م٣/چرکە.

گرنگترین لقەکانی ڕووباری فورات:

١- وڵاتی تورکیا:

أ- ڕووباری موراد سۆ: بەلقی سەرەکی ڕووباری فورات دادەنرێت چونکە قەبارەکەی گەورەیە وئاوێکی زۆری ڕووباری فورات پێکدێنێت، بەهۆی زۆری ئەو چەمانەوە کە لەبانی ئەرمینیاوە لەلاپاڵی چیاکانی ئالاداغی باشوورەوە بەبەرزی ٣٦١٩ مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە لەباکووری دەریاچەی وانەوە هەڵدەقوڵێن ودەچنەوە سەری گرنگترینیان (بانان، باشقان، کربیك، میری سۆ)، درێژی لقەکە ٧٠٠کم، ڕووبەری ئاوزێڵەکەشی دەگاتە (٤٢٠٠٠)کم٢، تێکرای بەرزی ئاوزێڵەکەش لەئاستی دەریاوە نزیکەی ٣٠٠٠مەتر دەبێت، تێکرای داهاتی ئاوی لقەکەش دەگاتە ٥٠-١٠٠م٣/چرکە.

ب- فورات سۆ، (قەرە سۆ): ئاوەکەی لەوپەڕی باکووری تورکیاوە وەردەگرێت، کەچیاکانی تۆرۆسی تێدا درێژ دەبێتەوە، لقەکە لەچەند چەمێکی هەمیشەیی لەچیاکانی دەوروبەری شاری ئەرزڕۆمەوە بەتایبەت چیای (دەملۆ) بەبەرزی ٣٠٠٠مەتر زیاتر لەئاستی ڕووی دەریاوە لێژدەبێتەوە، وپاشان ڕووبارەکە دەشتی ئەرزڕۆم دەبڕێت وبەهۆی بوونی چەند بەربەستێك وبارستە بەردینی گەورەوە ناچاردەبێت ڕێڕەوەکەی بگۆڕێت، پاشان لەگەڵ چەند کۆمەڵێك چەمی تردا یەکدەگرێتەوە گرنگترینیان (توزلاچای) کە تێکڕای پێداڕۆشتنی ئاوی هەردووکیان پێکەوە دەگاتە ١١٠-١٥٠م٣/چرکە، درێژی فورات سۆ هەتا دەگات بە موراد سۆ ٥١٠کم، ڕووبەری ئاوزێڵەکەشی نزیکەی ٢٢٠٠٠کم٢ دەبێت، تێکڕای بەرزی ئاوزێلی لقەکەش دەگاتە ٢٢٠٠مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە. نەخشەی (٢) سەیر بکە.

ج- مونزیر: لەباکوورە دێت.

د- بیری: لەباکووری ڕۆژهەلاتەوە دێت ودرێژیەکەی دەگاتە٣٥کم.

ه- لقی تۆهمە: ماوەی نێوان هەردوو بەنداوی کیبان وقەرەقایا بە لقی سەرەکی فورات دەگات[١].

٢- وڵاتی سووریا:

١- لقی ساجوور: چۆمەکانی لەتەنیشت شاری غازی عەنتاب لەولاتی تورکیادا دەستپێدەکات، پێش ئەوەی سنووری سوریا ببڕێت ئەم چۆمانە کۆدەبنەوە، بەشێوەیەك وڵاتی تورکیا چەندین بەنداوی بۆ کۆکردنەوەی ئاو تێدا دروستکردووە، وئاوەکەشیان بۆ ئاودێریکردنی زەویەکانیان بەکارهێناوە ولەئەنجامدا نزیکەی ١٦ دێ وکێڵگەیان لەئاوەکەی بێبەش کردووە.لەباکووری خۆراوای دێی عەرەب عیزەوە دێتە سنووری سوریاوە وپاشان ڕوودەکاتە بۆ ماوەی ١١کم هەتا دێی غەندوورە ڕوودەکاتە باشووری خۆرهەلات، وپاشان ڕوودەکاتە خۆرهەلات

١- صاحب الربيعي، مصدر سابق، ١٠٥-١٠٦.

و لەنزیك دێی ئوم روسەی خواروەوە دەڕژێتە رووباری فوراتەوە، ئاوی رۆشتوو تیایدا دەگاتە نێوان (سفر بۆ ٨)م٣/چرکە، ولەلای راستیەوە دۆڵی قەرەدورە، وقوبەی تورکمان ولەلای چەپیەوە دۆڵی ئەلزرب وئوم رۆسەی سەرووی تێدەڕژێت. بەهۆی بەکاربردنی زۆری ئاوی لقەکە لەلایەن تورکیاوە ئاوەکەی بەتەواوەتی کەمی کردوە وتەنانەت پێدەچێت لەداهاتوویەکی نزیکدا بەتواوەتی وشك بێت.

٢- رووباری بلێخ: رووبارەکە بەتەواوەتی لەسوریاوە هەڵدەقوڵێت، ودرێژیەکەی ١١٦کم، بەڵام ئاوزێلەکەی هەتا بۆ ناو خاکی تورکیا درێژدەبێتەوە هەتا ناوچەکانی ئورفە وحەڕان، بەڵام ئاوی رۆشتووی یان رێکردی سەرزەوی سەرچاوەی سەرەکی ئاوەکەی نیە بەڵکو پشت دەبەستێت بەئاوی کانیاوە زۆر وزەبەند وپڕئاوەکانی ناوچەکە. لەلای چەپەوە دەڕژێتە ناو رووباری فوراتەوە ولەباکورەوە دێت، وچەند پێچێکی بچووکی تێدەکەوێت وپارێزگای ڕەقە دەکات بە دوو بەشەوە خۆرهەڵاتی وخۆراوایی، ناوەندی ئاوی رۆشتوو تیایدا دەگاتە ٦م٣/چرکە، وبەدۆڵێکدا تێپەڕدەبێت تێکڕای پانیەکەی دەگاتە ٤کم. هەروەها لەخۆرهەڵاتەوە (دۆڵی سووری) تێدەڕژێت کەدرێژیەکەی دەگاتە ٩٠کم، پاشان لەنزیك دێی (حومرە بلاسم) لەخۆرهەڵاتی شاری رەقەوە بەدووری ١٧کم دەڕژێتە فوراتەوە. رووبەری ئاوزێلی لقی بلێخ دەگاتە١٤٤٠٠کم٢، توانای ئاوەکەی دەگاتە ١٠٠ملیۆن/م٣ لەساڵێکدا. وەهەموو ئاوەکەشی لەبواری ئاودێریدا بەکاردێت و تەنانەت لەساڵی ١٩٨٥ز بووەتە روبارێکی وەرزی وبەهیچ برە ئاوێکی ئەوتۆ کەشایەنی باسکردن بێت هاوکاری رووباری فورات ناکات.

٣- رووباری خاپوور: لەناوچەی جەزیرەی سوریادا بەنێو زەویەکانی هەردوو پارێزگەی حەسەکە ودێر لزووردا دەڕوات، لە(عەین غەزال)ەوە لەلاپاڵی چیاکانی کارا جاداغ لەبەرزاییەکانی جەزیرە لەتورکیادا دەستپێدەکات ولەشاری (رەئس ولعەین)ەوە دێتە سوریاوە. لەم ناوچەیەدا ئاوی چەندین کانیاو بەشێکی زۆری ئاوەکەی کەدەگاتە٨٠٪ دابیندەکات وەك کانیاوی عەین کبریت، وعەین حصان، وعەین مالحە، وعەین فەوار، پاشان بەئاراستەی باشووری خۆرهەڵات بەناوچەیەکی دەشتاییدا دەڕوات، ودواتر بەهەردوو لقی جەرجب وزەرکان دەگات، بەناو شاری حەسەکەدا تێپەڕدەبێت، ئیتر لێرە دبەدواوە بەکۆتا چەم کەدێتەوە سەری دەگات ئەویش لقی رووباری (جەغجەغ)ە، وبەشێوەیە لەرێرەوەکەی بەناوچە وشکەکانی جەزیرەی خواروودا بەردەوام دەبێت هەتا دەگات بەرووباری فورات لەشاری بەصیرەدا. بەم شێوەیە درێژی خاپوور دەگاتە ٤٥٦کم وپانی رووبارەکە نزیکەی ٢٨ بۆ ٥٠مەترە وبڕی ئاوپێدا ڕۆشتنی دەگاتە ٣٥ بۆ ٥١م٣/چرکە. ئاوی خاپوور شیرینە بەڵام بەزۆری کبریت تیایدا دەناسرێتەوە. توانای ئاوی چاپوور بە ١,٥ بۆ ١,٩ملیۆن م٣/لەساڵێکدا مەزەندە دەکرێت، ورووبەری ئاوزێلەکەشی دەگاتە ٢٥٩٠٠کم٢ ولەوەش ١٠٧٢٢کم٢ لەتورکیادایە و١٣٥٧٥کم٢ لەسوریادایە ١٦٠٣کم٢ دەکەوێتە عێراقەوە، واتە بەرێژەی ٤٤٪ لەتورکیا و٥٤٪لەسوریا و٢٪ لەعێراقدا، بەرزترین شوینی خاپوور ١٩١٩مەتر دەبێت لەئاستی رووی دەریاوە ودەکەوێتە چیاکانی کراسالی داغ نزیك ماردین لەتورکیا. بەڵام لەراستیدا ولەم دواییەدا وەك دەردەکەوێت رووباری خاپوور وشك بووە ونزیکەی ٣٠ ساڵ دەبێت ئاوەکەی بەشی ئەوەی نامێنێت برژێتەوە سەر رووباری فورات، ئەمەش بەهۆی هەڵکەندنی زیاتر

لە ١٠٠٠ بیری قووڵ لەدەوروبەری سەرچاوەکانی ئاوزێلی سەرەوەی رووبارەکەوە لەلایەن تورکیاوە کە بووەتە هۆی وشکبوونی ئاوزێلی باشووری لەناو ولاتی سوریادا، ولەئەنجامدا زەرەروو زیانی گەورەی دووچاری پرۆژە کشتوکاڵیەکانی ناو حەوزی رووبارەکە لەسوریادا کردووە.

رووباری خاپوور لەچەندین لق وجۆگاو چەمی سەرەکی ولاوەکی تر پێکهاتووە وگرنگترینیان ئەمانەن (جەرجب، زەرکان، جەغجەغ) لەکاتێکدا لقی جەغجەغ لەچەندین چۆمی تر پێکدێت وەك (خنێزیر، جەراح، عەباس، باب حەدید). بێجگە لەو چوار لقە سەرەکیەی رووباری خاپوور چەندین دۆڵی تر دەچێتەوە سەری وەك (ئەحمەر، زەراب، سوسە، عویج، غابە، غەریبە، مەغلوجە) بەم شێوەیە رووباری خاپوور گرنگترین لقە فوراتە لەسوریادا بەهۆی ئەو هەموو لق ودۆلانەی تر کەدێتەوە سەری.

سەرەرای سێ لقە سەرەکیەکەی فورات چەندین دۆڵی تر دێتەوە سەر رووبارەکە، گرنگترینیان (جەهەنەم، خنێفس، خۆر، دەرب ئەلنوب، رەتقە، رۆم، زەربە، سەحل، دۆڵی خۆرهەلاتی سەحل، شوعەیبی زەکەر، صەرین، عوصبە، عومەر، فەیز، کەڕوزە، مەسعودە، نەوام)[١].

٣- ولاتی عێراق:

ئاشکرایە رروباری فورات لەولاتی عێراقدا لەگەڵ ئەوەی ئاوەکەی بەهۆی زۆری هەڵگرتنی ئاو لەسەر رووبارەکە زۆر کەم دەکات، وتەنانەت هیچ لقێکی تری لەناو عێراقدا تێناڕژێت کەکاریگەری ئاشکرا لەسەر داهاتی ئاوی رووبارەکە بەجێبهێلێت، بێجگە لە ئاوی ئەو دۆلانەی کەوەرزین لەکاتی بارانی وەرزی ناوچەکەدا بەبڕێکی زۆر کەم ولەماوەیەکی کەمدا دەچێتەوە سەر رووباری فورات، ئەویش لەکاتێکدایە کەهیچ سوودێکی لەرووی کشتوکاڵیەوە نیە.

گرنگترین پرۆژە ئاوییەکانی سەر ڕووباری فورات:

لێرەدا بەمەبەستی زیاتر ناساندنی ڕۆڵی رووباری فورات، گرنگترین پرۆژەکانی سەر ئاوزێلی رووبارەکە لەئێستا وداهاتوودا دەخەینەڕوو، کەبریتین لە: سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

١- گرنگترین پرۆژە وبەست وبەنداوەکانی سەر رووبارەکە لەولاتی تورکیا:

ولاتی تورکیا مەرامەکانی خۆی لەکۆتایی پەنجاکاندا دەرخست لەرووی ئەوەی نیازی هەیە کە کۆمەڵێك بەنداو لەسەر رووباری فورات دروست بکات، ئەویش بەنداوی کیبان وپاشکۆکانی بوو، پاشان لەسەرەتای حەفتاکاندا پلانی دروستکردنی پرۆژەی گاپی (GAP) خستەڕوو کەپیکهاتووەلە ١٣ پرۆژەی بنەڕەتی بۆ

---

١- د. وفيق حسين الخشاب، و د.أحمد سعيد حديد وماجد السيد ولي محمد، الموارد المائية في العراق، مصدر سابق، ص٥١-٥٤.

ئاودێری وبەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، ئەوەش لەرێگەی دروستکردنی ٢١ بەنداو کە ١٧ بەنداوی دەکەوێتە سەر رووباری فورات، ودروستکردنی ١٧ وێستگەی کارۆئاوی لەسەر هەردوو رووباری دیجلە وفورات ولقەکانیان.

پرۆژەکان شەش پارێزگا دەگرێتەوە کەدەکەونە خاکی کوردستانی باکوور لەوڵاتی تورکیا ولەخۆراواوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستانی تورکیا درێژدەبنەوە وئەمانەن: (غازی عەنتاب، ئادی یامان، ئورفە، دیاربەکر، ماردین، سییرت) کەلەرووبەری ٧٣٨٦٣کم٢ ئەنجام دەدرێت. پرۆژەی گاپ دەیەکی رووبەری تورکیا دەگرێتەوە، ودانیشتوانەکەشی کەبەتێکڕا کوردن ١١/١ دانیشتوانی تورکیا پێکدێنن، ئەو زەویانەش کەپرۆژەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت ¼ زەوی کشتوکاڵی وڵاتی تورکیا دەگرێتەخۆی، بێجگە لەوەی کە ¼ بڕی ئاوی ژێر زەوی تورکیا دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە، وهەروەها ¼ ووزەی تورکیا دابیندەکات.

هەروەها ئاوی پێویست بۆ پرۆژەکە بەبڕی ١١ملیار/م٣ لەساڵێکدا مەزەندە دەکرێت، بەمجۆرەش تورکیا ٦٥٪ لەکۆی ئاوەکە بەکاردەبات، وتەنها ٩ملیار/م٣ یان ٣٥٪ بۆ سوریا وعێراق دەمێنێتەوە، ئاشکرایە کە کۆی ئاوی کۆگاکراو لەپرۆژەی گاپ دەگاتە نزیکەی ٩٠ملیار/م٣ واتە سێ ئەوەندەی قەبارەی رووبارەکەیە. گرنگترین بەنداوەکانیش بریتین لە:

١- بەنداوی کیبان: یەکەم گەورەترین وگرنگترین بەنداوی تورکیایە کەلەسەر رووباری فورات دروستکراوە بەدووری ١٠کم لەباشووری بەیەکگەیشتنی هەردوو لقە سەرەکیەکەی فورات سۆ وموراد سۆ. ئەم پرۆژەیە لەساڵی ١٩٦٥ دەستکرا بەدروستکردنی ولەساڵی ١٩٧٤ تەواوکرا، لەبەنداوێك ووێستگەیەکی کارۆئاوی پێکهاتووە، رووبەری دەریاچەکەی دەگاتە ٦٧٥کم٢ وبەرزیەکەی ٢٠٦مەتر دەبێت دەتوانێت ٣٠٧٠٠ملیۆن/م٣ ئاو کۆبکاتەوە، توانای وێستگەکە کارۆئاویەکەی ١٢٤٠ میگاوات دەبێت ودەتوانێت ٥,٨٧٠ ملیار کیلۆوات/کاژێر ساڵانە کارەبا بەرهەمبهێنێت، لەکاتێکدا داهاتی ئاوی ساڵانەی دەگاتە ١٩,٤ملیار/م٣، هەروەها بەنداوەکە نۆکەندێکی ئاوی هەیە کەراستەوخۆ بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێك جۆگەوە بەدرێژی ٢٧٧کم بۆ ئاودانی دەشتی هارات وماردین بەکاردێت. هەروەها نزیکەی ٢٣٠کم لەسنوری تورکیاوە دوورە.

٢- بەنداوی قەرەقایا: لەبەنداوێك ووێستگەیەکی کارۆئاوی پێکهاتووە، ولەساڵی ١٩٨٦ بەنداوەکە تەواوبوو، کەدەکەوێتە نزیك شاری شونجوش لەنزیکی شاری دیاربەکر، دەکەوێتە خوارووی بەنداوی کیبانەوە نزیکەی ١٦٦کم لەم بەنداوەوە دوورە، هەروەها دەکەوێتە دووری ١٦٥کم لەسنوورەکانی وڵاتی سوریاوە، ئەوپەڕی توانای کۆکردنەوەی ئاوی تیایدا دەگاتە ٩,٥٨ملیۆن/م٣ وکەمترینی دەگاتە ٥,٥٨ملیۆن/م٣، رووبەری دەریاچەکەی دەگاتە ٢٦٨کم٢ ودرێژیەکەی ٤٦٢مەترە بەبەرزی ١٧٣مەتر. توانای بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی لەسنووری ١٥٠٠ملیۆن کیلۆوات/کاژێر دەبێت.

٣- بەنداوی کولوکویا: ئەوپەڕی توانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا دەگاتە ١٧٠ملیۆن/م٣، وشەش یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبای هەیە، کەتوانای بەرهەمهێنانی ٥٠٠ملیۆن کیلۆوات/کاژێر کارەبای هەیە، ونزیکەی ١٩٥کم لەبەنداوی کیبانەوە دوورە.

٤- بەنداوی کارابابا: توانای کۆکردنەوەی ئاو تێیدا دەگاتە ئەوپەڕی ١٦٠٩٠ملیۆن/م٣، کەمترین توانای کۆکردنەوەی ئاوی دەگاتە ٣٤٣٠ملیۆن/م٣، وەلەبەرهەمهێنانی ٨٠٠ملیۆن کیلۆوات/کاژێر وزەی کارەبا بەشداردەبێت. ئاشکرایە هەرسێ بەنداوەکە دەکەونە خوار بەنداوی کیبانەوە، وبەمجۆرەش توانای کۆکردنەوەی ئاوی هەرچوار بەنداوەکە دەگاتە ئەوپەڕی ٥٦٥٤٠ملیۆن/م٣، کەمترینی دەگاتە ٢٥٣٥٠ملیۆن/م٣. بەنداوی کیبان لەڕووی هونەریەوە بەبەشێك لەپرۆژەی گاپ دانانرێت چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی تایبەتکراوە بەبەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاویەوە.

گرنگترین پرۆژەکانی گاپیش ئەمانەن:

١- پرۆژەی قەرەقایا: وەك باسکرا بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی ولەرێگەی چەند نۆکەندو جۆگەیەکەوە کەلە بەنداوەکەوە هەڵگیراون بۆ ئاودێری کردنی رووبەرێکی فراوانی دەشتەکانی هارات وماردین بەکاردێت.

٢- پرۆژەی فوراتی خواروو، ئەمانەن:

أ- بەنداوی قارقامن وێستگەیەکی کارۆئاوی بۆ بەرهەمهێنانی ٢٢٦٧میگاوات وزەی کارەبا لەساڵێکدا.

ب- پرۆژەی ئاودێری دەشتەکانی شانلی ئورفە-حەران ورووبەرەکەی دەگاتە ١٤٧٨٦٦هکتار.

ج- پرۆژەی ئاودێری ماردین-جیلان بنار، بەرووبەری ٣٢٨٦٠٨هکتار.

د- پرۆژەی ئاودێری راکێشانی ئاو بەترومپا بۆ ناوچەی بوزوفا، بەرووبەری ٥٥٣٠٠هکتار.

هـ- بەنداوی ئەتاتۆرك: دەکەوێتە رێرەوێکی ئاوی شاخاویەوە، وتوانای خۆراگرتنی بۆ روودانی بوومەلەرزە گوڕی ٨پلەی ریختەر هەیە، لەساڵی ١٩٨٣ز دەستکرا بەدروستکردنی ولەساڵی ١٩٨٩ز تەواو بووە، بەگرنگترین وگەورەترین بەنداو دادەنرێت کەلەسەر رووباری فورات دروستکراوە وبەسێیەم گەورەترینی بەنداو لەجیهاندا دادەنرێت لەرووی قەبارەی پایەکانیەوە (حجم قاعدتە)، بەنداوەکە دەکەوێتە ناوچەی سامان لەباشووری بەنداوی قەرەقایا بەدووری ٣٠٠کم لەسەر رووباری فورات وبەدووری ١٣٠کم لەسنووری وڵاتی سوریاوە.

درێژیەکەی ٢٠٠٠مەتر دەبێت، وبەرزیەکەی ١٦٦مەترە وتوانای کۆکردنەوەی ئاو لەکۆگاکەیدا دەگاتە ٤٨,٧ملیار/م٣، سەرەرای قەبارەی پڕکردنەوەی ئاوی نۆکەندەکانی کەدەگاتە ٨٤.٥ملیۆن/م٣. وەداهاتی ساڵانەی ئاوی بەنداوەکە دەگاتە ٢٦.٢ملیار/م٣، وهەروەها رووبەری دەریاچەکەی دەگاتە ١٨٧کم٢ کەلەشێوەی بەنداوێك بۆ کۆکردنەوەی ئاو دروستکراوە، سەرەرای وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەگوڕی ٢٤٠٠میگاوات، ویەکەم یەکەی کارەبایی لەساڵی ١٩٩٠ بۆ بەستراوە، وبەدوایدا حەوت یەکەی تر بەماوەی سێ مانگ جارێك بۆ هەریەکێکیان بەستراوە وتوانای هەریەکێکیان ٣٠٠ میگاوات کارەبایە. ئامانجێکی تری بەنداوەکە ئاودێریکردنی رووبەرێکی فراوانی خۆرهەڵاتی تورکیایە لەوانە دەشتەکانی ماردین کە بەنزیکەی ٨٧٠هەزار هکتار دادەنرێت لەناوچەکانی (شانلی ئورفە، حران، ماردین، جیلان، بیتار، سیفیریگ، وحەلوان) و١٥٧هەزار هکتار لەدەشتەکانی حران نزیك سنووری وڵاتی سوریا کەلەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢ بەبەرووبومی کشتوکاڵی چێنراوە.

و- تونێلەکانی ئورفە وهەلفان: بەگرنگترین دامەزراوەکان دادەنرێت وبەشێکن لەبەنداوی ئەتاتۆرك ولەساڵی ١٩٨٧ دەستکرا بەکارکردن تیایاندا ولەساڵی ١٩٩١ کرانەوە، وبەدوو گەورەترین تونێل لەجیهاندا بۆ گواستنەوەی ئاو دادەنرێن. درێژی هەریەکێکیان دەگاتە ٢٨کم بەپانی ٧,٦٢مەتر. توانای ئاوپێداڕۆشتن لەڕێرەوەکەیاندا لەکاتێکدا ئاستی ئاو لەخوار هەردوو تونێلەکەوە لەدەریاچەی بەنداوەکەدا دەگاتە ٥١٥مەتر، وئاستی ئاوی پێویست بۆ بەکارخستنی دەگاتە ٥٢٥مەتر، هەروەها قەبارەی کۆکردنەوە هاوتاییەکەی دەگاتە ٣٩ملیار/م٣. لەکاتێکدا ئاستی ئاو لەکۆتایی تونێلەکەدا دەگاتە ٤٩٨ مەتر وگوڕی ئاو پێداڕۆشتنەکەشی دەگاتە ٣٢٨م٣/چرکە بەئاراستەی دەشتی حران وماردین، ئاوی هەردوو تونێلەکە نزیکەی ٧٣٠هەزار هکتار زەوی لەزەویەکانی شانلی ئورفە لەنزیك سنووری وڵاتی سوریا ئاودێری دەکات، هەوروەها تێکڕای وەبەرهێنانی ئاوی فوراتیش لەسەر سنوری سوریا بەبڕی ٥٠٪ زیاد دەکات.

نۆکەندی یەکەمیان بە ئورفە ناودەبرێت وهەڵدەستێت بەگواستنەوەی ١٠ملیار/م٣ ئاو بۆ ئاودێری کردنی زەویەکانی دەرەوەی ئاوزێلی فورات. دووەمیشیان بەنۆکەندی هەلفان ناسراوە ورووبەری ٤٣٠هەزار هکتار زەوی ئاودێردەکات.[١]

٣- پرۆژەکانی فورات لەسەر سنوور، بریتین لە:

أ- بەنداوی بیرەجك: لەساڵی ١٩٩٥ تەواوکراوە، ولەسنووری وڵاتی سوریاوە نزیکەی ٢٠کم دوورە وتوانای ویستگە کاۆئاویەکەشی دەگاتە ٦٧٢میگاوات.

ب- بەنداوی قەرقەمیش: لەسنووری سوریاوە ٣کم دوورە ووێستگە کارەباییەکەی بەتوانای ١٨٠میگاوات دروستکراوە، لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانی ٤٧٠ملیۆن کیلۆوات/کاژێر کارەبا لەساڵێکدا، بێجگە پەرەپێدانی ئاودێریکردنی رووبەرێکی فراوان لەناوچەکە.

٤- پرۆژەی سوروج بازیکی: پرۆژەیەك بۆ ئاودێریکردنی رووبەری ٣٣٤٩٣٩هکتار زەوی ووێستگەیەکی کارەبایی بەتوانای ١٠٧میگاوات لەساڵێکدا دەگرێتەخۆی، لەساڵی ١٩٩٩ تەواوبووە.

٥- پرۆژەی ئاودێری ئادی یامان-غوکصو- ئارەبان: بریتیە لەپرۆژەیەك بۆ ئاودێری رووبەری ٧١٥٩٨هکتار، لەساڵی ١٩٩٨ تەواوبووە.

٦- پرۆژەی ئاودێری ئادی یامان-کەهتا: لەپێنج وێستگەی کارۆئاوی پێکهاتووە بەتوانای ١٩٥میگاوات لەساڵێکدا لەگەڵ چوار بەنداو وچەند ئامێریك بۆ هەڵکێشانی ئاو، توانای بەرهەمهێنانی کارەبای دەگاتە ٥٠٩ ملیۆن کیلۆوات/کاژێر لەساڵیکدا، وئاودێری کردنی ٧٧٤٠٩ هکتار زەوی کشتوکاڵی.

٧- پرۆژەی غازی عەنتاب: لەسێ بەنداو وچەند ئامێریکی هەڵکێشانی ئاو بۆ ئاودێریکردنی رووبەرێك زەوی کەدەگاتە ٨٩ هەزار هکتار، پرۆژەکە ئەم بەنداوانەش دەگرێتەوە وبریتین لە:

---

١- فتحي علي حسين، المياه وأوراق اللعبة السياسية في الشرق الأوسط، الطبعة الأولى، مكتبة مدبولي، قاهرة، ١٩٩٧، ص١١٥-١١٧.

أ- بەنداوی خان جیز یان (هانج ئاغر): ساڵی ١٩٨٨ تەواوکراوە توانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا دەگاتە ١٠٠ملیۆن/م٣، لەگەڵ ئاودێری کردنی رووبەری ٧٣٣٠هکتار.

ب- بەنداوی قایجك (کایاجیك) وپرۆژەیەکی ئاودێری بۆ ئاودانی ١٤٣٦١هکتار.

ج- بەنداوی کیمان وپرۆژەیەکی ئاودێری بۆ نزیکەی ١٩٦٩ هکتار زەوی.

د- پرۆژەی هەڵگۆزین یان سەرخستنی ئاو لەبەنداوی بیرەجیك بۆ ئاودێری ٥٣٤١٥ هکتار زەوی.

ه- پرۆژەی ئاودێری بەلقیس-یەنزیب بۆ هەڵکێشانی میکانیکی ئاو، بۆ ئاودێری ١١٩٢٥ هکتار زەوی.

سەرەرای ئەم پرۆژانە چەندین پرۆژەی تر لەتورکیادا ئەنجامدراون یان لەبواری جێبەجێکردندان یان پلانیان بۆ دانراوە کە لەداهاتوودا ئەنجام بدرێت. وەك دەزانرێت تورکیا پلانی هەیە لەچوارچێوەی پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆل کاربکات بۆ ئاودێری ١,٠٩١,٢٠٣ هکتار لەحەوزی رووباری فورات، ونزیکەی ٥٩٥ هەزار هکتار زەوی کەدەتوانرێت لە سەرووی پرۆژەی گاپەوە لەرێگەی هەمان پرۆژەوە ئاودێری بکرێت[١]. بڕوانە نەخشەی (٢).

٢- گرنگترین پرۆژە وبەست وبەنداوەکانی سەر رووبارەکە لەوڵاتی سوریا:

لەسەر رووباری فورات کۆمەڵێك بەنداو لەسوریادا دروستکراون وئەمانەن:

١- بەنداوی تەبقە: ئەم بەنداوە دەکەوێتە پارێزگای ڕەقەوە لەلای دێی تەبقەوە، نزیکەی ١٣٠ بۆ ١٥٠کم لەسنوری تورکیاوە دوورە، ولەسنووری عێراقەوە ٣٠٠کم دوورە، لەکاتێکدا دووریەکەی لەشاری حەلەبەوە تەنها ١٤٥کم دەبێت. لەساڵی ١٩٧٤ تەواوبووە. وبەگەورەترین بەنداو لەسوریادا دادەنرێت، ولە بەنداوێکی خۆڵین پێکهاتووە، ودرێژیەکەی ٤٥٠٠مەترە ەپانیەکەشی ١٩مەترە وبەرزیەکەشی ٦٠مەترە وبناغەکەشی ٥١٢مەتر دەبێت، دەریاچەیەکی دەستکردی هەیە وررووبەرەکەی ٦٤٠کم٢، ودرێژیەکەی ٨٠کم وپانیەکەی ٨کم دەبێت، بەڵام ئەوپەڕی توانای کۆکردنەوەی ئاو تیایدا بە ١١,٩ملیار/م٣، وکەمترینی بە٧,٤ملیار/م٣ مەزەندە دەکرێت، توانای ئاوی ڕۆشتوو لەهەر حەوت دەرگاکەیدا دەگاتە ١٩٠٠٠م٣/چرکە، ئامانجێکی تری پرۆژەکەش بریتیە لە ئاودێری رووبەریك زەوی کەبە ٦٤٠٠٠٠ بۆ ١,٤٠٠٠٠هکتار مەزەندە دەکرێت. هەروەها ئامانجی بەدەستهێنانی وزەی کارۆئاویە بەبڕی ٨٠٠هەزار کیلۆوات/کاژێر لەقۆناغی یەکەمدا و١,١ملیار کیلۆوات/کاژێر لەقۆناغی دووەمدا. هەروەها بەنداوەکە هەشت بزوێنەری کارەبایی تێدایە کەتونای هەریەکێکیان دەگاتە ١٠٠هەزار کیلۆوات کارەبا، کە ئەمەش ٦٠٪ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەوڵاتی سوریا. نەخشەی ژمارە (٢) سەیر بکە.

٢- بەنداوی خاپوور: دەکەوێتە سەر رووباری خاپوور لەباشووری شاری حەسەکە ولەساڵی ١٩٩٧ تەواوکراوە، وئاوەکەی بەشێوەیەکی سروشتی دێتە ناو بەنداوەکەوە سەرەرای ئاوی زیاد لەپێویست

---

١- ریاض حامد الدباغ، مشكلة المياه في العراق، مصدر سابق، ص٢٤٤-٢٤٥.

لەرێکخەری سەرەکی ئاوی خاپوور لەرەئسولعەین کە بەناو نۆکەندە سەرەکیەکەدا دەڕوات M1-2 بەبڕێکی گەورە کەدەگاتە ٤٥م٣/چرکە لەگەڵ ئاوی لافاوی وەرزی رووباری خاپوور وررووباری جەغجەغ کەیەکێکە لەلقەکانی خاپوور، توانای کۆگاکەی دەگاتە ٦٠٥مليۆن/م٣. ئامانجیش کۆکردنەوەی ئاوی هاتووە بۆ بەکارهێنانی ئاودێریکردنی ئەو رووبەرانەی دەکەوێتە ئاوزێلەکەیەوە کەدەگاتە ٧٠هەزار هکتار. ئەم بەنداوە لەدوو بەنداوی سەرەکی ولاوەکی تر پێکهاتووە وررووبەری دەریاچەکەی دەگاتە ٩٥کم٢، سەرەرای وێستگەیکی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی بەتوانای ٩,٥میگاوات.

٣- هەردوو بەنداوی حەسەکە خۆرهەڵاتی وخۆراوایی: لەساڵی ١٩٩٧ کارکردن لەهەردوو بەنداوەکەدا کۆتایی پێهات، هەردووکیان لەلایەن کۆمپانیایەکی بلغاریەوە لەسەر رووباری خاپوور دروستکراون، و بەدووەم گەورەترین بەنداوی سوریا دادەنرێن، دەکەوێتە باکووری شاری حەسەکەوە بەدووری ١٥کم، رووبەری دەریاچەکەیان دەگاتە ٦٤٠هکتار، وتوانای کۆکردنەوەی ئاو تیایاندا دەگاتە ٢,٥مليۆن/م٣، ئامانجی پرۆژەکەش ئەوەیە کە بەشداربێت لەئاودێری زیاتر لە ٤٠٠هەزار هکتار زەوی کشتوکاڵی، ولەلایەکی ترەوە ئاودێری کردنی ٥٠هەزار هەکتاری ترلەزەویەکانی جەزیرە، کەپێویستی بە ٠,٥مليار/م٣ ئاو هەیە لەساڵێکدا. هەروەها ئاودێری ١٤١.٦٥٦ هکتار زەوی تر لەداهاتوودا کەپیچویستی بە ١,٣مليار/م٣ ساڵانە ئاو هەیە. سەرەرای ئەوەی بەنداوەکە وێستگەیەکی کارۆئاوی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا تێدایە بەمەبەستی دابینکردنی پێویستیەکانی سوریا.

٤- بەنداوی بەعس: بەنداوێکی بچووکە ودەکەوێتە سەر رووباری فورات بەدووری ٢٧کم لە بەنداوی تەبەقەوە، وداهاتی ئاوی ساڵانەشی دەگاتە ٢٦.٨مليار/م٣ ولەسێ پرۆژەی تر پێکدێت، ئامنجیان رێکخستنی ئاوی هاتووە لەناوچەکەدا، لەگەڵ زیادکردنی رووبەری کشتوکاڵی لەناوچەکەدا سەرەرای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

٥- بەنداوی تشرین: لەسەر رووباری فورات دروستکراوە لەنزیك یوسف پاشا وبەدووری ١٢٥کم لەشاری حەلەبەوە. لەساڵی ١٩٩٧ تواو کراوە، و لەبەنداوێکی خۆڵین پێکهاتووە، ودرێژیەکەی ١٥٠٠مەترە وپانیەکەی ٢٠مەترە وبەرزیەکەشی ٤٠مەتر دەبێت. دەریاچە دەستکردەکەی ١٦٦کم٢ دەبێت وتوانای کۆکردنەوەی ئاویشی دەگاتە ١,٩مليار/م٣. توانای بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی بەنزیکەی ٦٣٠میگاوات/لەساڵێکدا هەیە، وداهاتی ساڵانەی ئاوی بەنداوەکە دەگاتە ٢٦,٨مليار/م٣.

٦- هەروەها چەندین بەنداوو پرۆژەی ئاوی تر لەسەر رووباری فورات لەسوریادا دامەزراون، لەوانە بەنداوی (حەلەبیە-زلبیە) و(دۆڵی رۆم) و (ئەلسەفان) و(ئەلجەراحی) و(بابئەلحەدید) و(جەوادیە) و(مالکیە)[1].

---

١- د. صبحي أحمد زهير العادلي، النهر الدولي، مصدر سابق، ص٢٩١-٢٩٧.

٣- گرنگترین پرۆژه وبەست وبەنداوەکانی سەر رووبارەکە لەوڵاتی عێراق:

ئاشکرایە لەسەر رووباری فورات لەعێراقدا چەندین پرۆژەی ئاوی وبەست وبەنداو جێبەجێکراون وکەم تازۆر بەهەموو ئەو پرۆژانەی لەسەر حەوزی رووباری فورات لەهەریەکە لەتورکیاو سوریادا ئەنجامدراوە کاریگەربوون گرنگترینی ئەو پرۆژانەش وەك (پرۆژەی دەریاچەی حەبانیە، بەنداوی حەدیسە، بەنداوی رومادی ورێکخەری وەرار، بەنداوی فەلووجە، بەنداوی هیندیە، رێکخەر وبەربەستە گەورەکان وەك رێکخەری شەتی کوفە وبەمباسیات، وخورنەق وسەدیر). کەئەم پرۆژانە هیچیان پەیوەندیان بەپەیماننامەی سایکس بیکۆوە نیە، وناچنە ناوبابەتی لێکۆڵینەکەوە هەر بۆیە لێرەدا وەك بەشێك لەرووباری فورات تەنها ئاماژەمان پێکردوون وهیچی تر.

سێیەم: سیاسەتی ئاوی وڵاتانی بەشداربوو لەئاوزێلی رووباری دیجلە فورات:

پێش رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ لەساڵی ١٩١٦ز هیچ شتێك نەبووە بەناوی کێشە یاساییەکانی تایبەت بەوەبەرهێنانی ئاوی هەریەکە لەرووباری دیجلە وفورات، چونکە هەر لەسەرچاوەکانیەوە هەتا ئاوڕێژگەکەی کەوتبووە ژێردەسەڵاتی یەك دەوڵەتەوە، ئەویش دەستەڵاتی عوسمانیەکان بووە. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی دەستەڵاتی عوسمانیەکان کە لەوکاتەدا بە(پیاوە نەخۆشەکە) ناسرابوو. ئیتر کێشەکە بەئاشکرا دەرکەوت بەتایبەت دوای هەریەکە لەرێکەوتنامەی لۆزان ولەساڵی ١٩٢٣ کەلەماددەی ١٠٩دا هاتووە کەپێویستە رێکەوتنامەیەك بکرێت دەربارەی سنووورە تازەکان کەلەپەیماننامەکەدا هاتووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ومافەکانی هەریەکێك لەودەوڵەتانە. وەك ئاشکراشە کە سەرجەم ئاوزێلی هەردوو رووبارەکە دەکەوێتە خاکی کوردانەوە لەهەریەکە لەوڵاتی (تورکیا، عێراق، سوریا، ئێران)، بەهەمان شێوەی نەتەوەی کورد چۆن دابەش بوو بەسەر ئەم وڵاتانەدا بەهەمان شێوە خاکی کوردستان وهەردوو رووبارەکە دابەشکرا بەسەر ئەم وڵاتانەدا. لێرەدا باس لەهەموو ئەو پەیماننامە ورێکەوتنانە دەکەین کە بۆدابەشکردنی یاسایی داهاتی ئاوی هەردوو رووبارەکە وسەرچاوەکانیان بەسەر هەریەکە لەووڵاتانەدا ئەنجامدراون:

ڕووباری فورات:

١- پەیماننامەی لۆزان لەدیسەمبەری ساڵی ١٩٢٠ز: لەنێوان بەریتانیا وفەرەنسا بەسترا، وەبەپێی ماددەی سێ پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر هەرپرۆژەیەك بکرێت کەفەرنسا ئەنجامی دەدات بەمەبەستی رێکخستنی ئاودێری لەسوریا ودەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاوی فورات ودیجلە کاتێك دێنە وڵاتی عێراقەوە.

٢- پەیماننامەی فەرەنسا-تورکیا لەئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ز: بۆ پاراستنی پێویستیەکانی شاری حەلەب بوو لەئاوی فورات ودابینکردنی ئاوی ئاودێری بۆ ناوچەکە.

٣- پەیماننامەی ئاشتی-لۆزان لەیۆلیۆ ١٩٢٣ز: لەنێوان تورکیا وهاوپەیمانان‌دا بەسترا بۆ پارێزگاری کردنی مافی وڵاتانی بەشداربوو بووە لەرووی بڕی پێویستەکانیان بۆ ئاو لەهەردوو رووبارەکە. کەلێرەدا بەهیچ شێوەیەك باس لەکورد وخاکی کوردستان نەکراوە کەسەرچاوەی هەردوو رووبارەکەی تێدایە.

٤- پەیماننامەی ئاشتی نێوان فەرەنسا وتورکیا لەئایاری ١٩٢٦: لەماددەی ١٣دا هاتووە کەپێویستە جەخت بخرێتەوە سەر رێکەوتنامەی ئۆکتۆبەری ١٩٢١ دەربارەی مافەکانی سوریا لەرووباری قویق، ومافی حەلەب لەسوود بینین لەئاوی رووباری فورات. بێگومان ئەمەش لەخاکی کوردستانی رۆژاوادا جێبەجێکراوە.

٥- پەیماننامەی فەرەنسا-تورکیا لەئایاری ١٩٣٠: جەخت دەخاتە سەر پاراستنی مافی سوریاو تورکیا بەبێ جیاوازی لەئاوی هەردوو رووبارەکە، وبەبێ ئەوەی باسی کورد بکرێت وەك خاوەنی سەرچاوەی هەردوو رووبارەکە.

٦- رێکەوتنامەی ئاشتی نێوان عێراق وتورکیا لەئازاری ١٩٤٦: ریکەوتنی هەردوو وڵاتەکە بوو لەسەر رێکخستن وسوود وەرگرتن بوو لەئاوی هەردوو رووباری دیجلە وفورات لەنێوانیاندا، لەگەڵ وەلانانی وڵاتی سوریا لەم رێکەوتنامەیە، بێگومان جارێکی تر بەرژەوەندیەکانی میللەتی کورد لەناوچەکەدا پێشێلکراوە وتەنانەت مەرجی رێکەوتنانەکان ئەوەبووە کە هەوڵی کپکردنەوەی شۆرشی نەتەوایەتی کورد لەناوچەکە چڕتر بکرێتەوە، کەجارێکی تر بەرژەوەندی ئاوی هەردوو وڵاتەکە مەرج بووە پێشێلکردنی مافەکانی کورد کەلەبنەڕتدا خاوەنی سەرجەم سەرچاوەکانی هەردوو رووبارەکەن.

٧- پرۆتۆکۆڵی هاریکاری ئابووری وهونەری نێوان عێراق وتورکیا لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٧١: لەماددەی سێیدا هاتووە کەدەبێت هەردوولا کێشە هاوبەشە ئاویەکانیان لەناوچەکە چارەسەر بکەن، لە رووی ئەوەی تورکیا وعێراق وتووێژ بکەن لەسەر پڕکردنەوەی ئاوی هەردوو کۆگای ئاوی کیبان وحەبانیە، هەروەها هەموو وڵاتە هاوبەشەکانی سەر هەردوو رووبارەکە لەداهاتوودا لەسەر ئەم پرسە بەشداربن.

٨- کۆبوونەوەی دەستەی هاوبەشی عێراق وتورکیا بۆ هاریکاری ئابووری وهونەری: لەئەنقەرە لەبەرواری ٢٥ کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ بەسترا ودواتر لەساڵی ١٩٨٣ سوریاش چووە پاڵیان. لەبەشی چوارەمی تایبەت بەئاو باس لەچۆنیەتی دەستبەسەردا گرتنی پیسبوونی ئاوی هەردوو رووبارەکە دەکات وچۆنێتی چارەسەرکردنی.

٩- برۆتۆکۆڵی سوریا وتورکیا لەساڵی ١٩٨٧: لەبەندەکانیدا هاتووە لەکاتی پڕکردنەوەی بەنداوی ئەتاتۆرکدا دەبێت تورکیا پابەندبێت بە دابینکردنی رێژەیەکی ساڵانە کەزیاتر بێت لە٥٠٠م٣/چرکە لەسەر سنووری تورکیا-سوریا. هەروەها لەگەڵ عێراقیشدا لەسەر دابشکردنی هەردوو رووبارەکە رێکەوتن. بێگومان سەرجەم رێکەوتنەکان مافی میللەتی کوردی وەك خاوەنی ناوچەکە پێشێلکردوە.

١٠- رێکەوتنی سوریا وعێراق لەنیسانی ١٩٩٠: هەردوو دەوڵەت بڕیاریاندا کەبەشی عێراق لەبڕی ئاوی هاتوو لە تورکیاوە بۆ سنووری سوریا بەشی عێراق تیایدا دەگاتە ٥٨٪ی ئاوەکە وبەش سوریا ٤٨٪ ئاوەکە

بێت. ئەمەش هەتا ئەو کاتەی کەهەر سێ لایەنەکە دەگەنە ڕێکەوتنێکی کۆتای دەربارەی دابەشکردنی ئاوی هەردوو رووبارەکە[1].

لێرەوە دەردەکەوێت هەموو ئەو ڕێکەوتنانە دەربارەی دیجلە وفورات، ئایا ڕێکەوتنەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئینتداب (بەریتانیا وفەرەنسا) یان تورکیا لەلایەك وفەرەنسا لەلایەکی تر چونکە سوریا لەژێر ئینتدابی فەرەنسا بوو، یان عێراق وتورکیا، هەموو ئەو ڕێکوتنانە نەیانتوانی ئاوی هەردوو رووبارەکە بەرێکوپێکی بەسوودی هەموان دابەش بکەن، بەڵکو هەندێ ڕێسای تیادا خرایە ڕوو کەتەنها مافی دەوڵەتانی خوارووی روبارەکەی تیادا تۆمار کراوە وچۆن سوود لەئاوی هەردوو رووبارەکە وەربگرن.

بەم شێوەیە پەیوەندی هەرسێ وڵاتەکە (تورکیا–سوریا–عێراق) چەند قۆناغێکی جیاجیای بەخۆیەوە بینیوە لەنێوان لەیەکتری تێگەیشتن ونارەزایی دەربڕین وهەندێ جار بێزاری وپێکدادانی جیاواز و راستەوخۆ وناراستەوخۆ، کەتیایدا میللەتی کورد وەك فشارێکی سیاسی ورووبەرووبوونەوەی یەکتری بەکارهێنراوە ئایا کوردانی کوردستانی سوریا بێت یان تورکیا یان عێراق وەهەروەها ئێرانیش لەم روەوە بەکارهێنراون. لەئەنجامدا زیانێکی زۆر بەمیللەتی کورد وکێشە نەتەوەیی ورەواکەی گەشتووە وتەنانەت لەهەموو پارچەکانی کوردستان دووچاری زیانیکی ماڵی وگیانی بوەوە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئاشکرایە یەکەم گرژی وئاڵۆزی بەهۆی ئاوەوە لەنێوان عێراق وسوریادا روویدا ئەویش لەکاتی دروستکردنی بەنداوی (تەبقە) لەسەر رووباری فورات لەلایەن سوریاوە لەساڵی ١٩٧٦ بەهاوکاری دارایی وتەکنولۆجی سۆڤیەتی بوو، ئەم بەنداوە بووە هۆی کەمکردنەوەی ئاوی فورات بۆ عێراق بەبڕی ٢٥٪، لەئەنجامیدا عێراق هەڕەشەی کرد لەسوریا کە لەڕێی بۆردمانکرنەوە بەنداوەکە وێران دەکات. لەئەنجامدا سوریا بۆ کۆتایی پێهێنانی کێشەکە بڕیاریدا بەشێوەیەکی کاتی بڕێکی زیاتری ئاوی رووبارەکە بەرەو وڵاتی عێراق بەربداتەوە.

هەروەها وڵاتی تورکیا کاتێك لەساڵی ١٩٨٢ دەستیکرد بەدامەزراندنی پرۆژە گەورەکەی (گاپ–GAP) لەباشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆل (لەکوردستانی تورکیا) لەسەر حەوزی رووباری فورات، کێشەکان هاتنە ئاراوە و١٦ کۆبوونەوە لەنێوان هەرسێ وڵاتی سەر رووبارەکە ئەنجامدرا بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بەدەستبهێنن. زیاتریش تورکیا بەرپرسیار بووە لەهەرەسهێنانی هەموو ئەو ڕێکەوتنانەدا، وتەنانەت پێناسەی رووباری فوراتی وەك رووبارێکی نێودەوڵەتی نەکردوە وبەڵکو بەڕووبارێکی تورکی لەقەڵەم داوە کەسنووری تێپەڕاندووە بەرەو وڵاتی سوریا، هەروەها تورکیا لەبەرواری ١٣–١–١٩٩٠ بۆ ماوەی یەك مانگی تەواو بەبیانووی پڕکردنی بەنداوی ئەتاتۆرك ئاوی رووباری فوراتی لەوڵاتی سوریا وعێراق گرتەوە وبەتەواوەتی ئاوی رووبارەکەی لەو ماوەیەدا وشك کرد وبەردەوامیش بووە لەجێبەجیکردنی پلانە ئاویەکانی.

---

١– د. رمزي سلامة، مصدر سابق، ص١٢٧–١٣١.

هەروەها توركيا لەم روەوە پێشینەی هەیە کاتێك لەکۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوودا بەتەواوەتی ڕێڕەوی ئاوی رووباری قویق کە سەرچاوەکانی لەخاکی تورکیادایە بەتەواوەتی گۆڕی وگێرایەوە ناو زەویەکانی ناوەوەی تورکیا، ئەمەش بووە هۆی بێبەشبوونی شاری حەلەب لەئاوی خواردن وئاوی ئاودێری کشتوکاڵی کەیەکێکە لەشارە گەورەکانی سوریا وتەنانەت بەشێکی گەورەی دانیشتوانەکەی کوردن.

کێشەکانی نێوان تورکیاو سوریا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی وپاشان سەربەخۆیی وڵاتی سوریا لەساڵی ١٩١٦، پەیوەندی نێوانیان لەکاتانەوە هەتا ئێستاش پڕە لەگرژی وئاڵۆزی. کەدەگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکردنی لیوای ئەسکەندەروونە کە هەردوو شاری ئەسکەندەروونە وئەنتاکیە تیادایە ودەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست لەلایەن فەرەنساوە بەتورکیا، لەوکاتەشدا نزیکەی ٢٥٠هەزار هاوڵاتی تێدا دەژیا وبەپێی بەڵگە مێژووییەکان زۆرینەیان کوردن وسەر بەخاکی کوردستانە. بەڵام هەتا ئێساش سوریا دانی بەم دابڕانەی لیوای ئەسکەندەروونە نەناوە وتەنانەت لەسەر نەخشەکانی ئەم وڵاتە دەکێشرێت وبەشێکە لەوڵاتی سوریا.

هەروەها سوریا بۆ بەهێزکردنی ڕوبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ وڵاتی تورکیادا، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی پێشوو هەستاوە بەپشتگیری کردنی نەتەوەکانی تر لەخاکی تورکیادا وەك بەکارهێنانی ئەرمەنەکان وپاشان کوردەکانی کوردستانی تورکیا کەپارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا پێشەوایەتیان دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد لەتورکیا. لەبرامبەریشدا تورکیا پشتیوانی لەبەرهەڵستکارانی رژێمی سوریا کردوە ویارمەتی جۆراوجۆری پێشکەشکردوون.

لێرەدا ئەوەی جێگەی باسکردن بێت ئەوەیە کەکێشەی کورد لەنێوان هەردوولادا بەهەڵپەسێراوی ماوەتەوە، وتورکیا گازەندەی سوریا دەکات بەیارمەتیدان وئاسانکاری کوردەکان لەسەر سنووری تورکیا وتەنانەت لەناو خاکی تورکیادا. لەلایەکی تریشەوە سوریا بێزارە لەیارمەتیدانی تورکیا بۆ کوردەکانی سوریا کاتێك کەبوونە بەرهەڵستکاری رژێمی سوریا لەکاتی قۆناغی یان سەردەمی یەکگرتنی سوریا ومیسر. هەرچۆنێك بێت هەر وەك چۆن کورد وەك فشارێك لەکێشەکانی تری نێوان تورکیا وسوریادا لەلایەن هەردوولاوە بەکارهێنراوە هەربەو شێوەیەش لەیەکلایکردنەوەی کێشەی ئاوی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەکارهاتووە کەمیللەتی کورد تیایاندا بەهۆی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆوە لەوڵاتانەدا پەرتەوازەکراو تەنانەت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان کەلەبنەڕەتدا مافی میللەتی کوردە بەکاردەهێنرێن.

کاتێك وڵاتی عێراق لەهاوکێشەی هاوسەنگی هەرێمی چووەدەرەوە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان عێراق وسوریا، بوار بۆ تورکیا رەخسا کەزیاتر پلانە ئاوییەکانی هەتا ئەوپەری تواناکانی جێبەجێ بکات وتەنانەت بواری بۆ رەخسا کەپلانەکانی لەسەر رووباری دیجلە ئەنجام بدات ولێرەوە کێشەکان تەنیا لەنێوان تورکیا وسوریادا مایەوە ودەبێت ئیتر خۆیان یەکلایان بکەنەوە.

ئاشکرایە تورکیا پەیوەندیەکانی لەگەڵ سوریادا لەسەر بنەمای ئاو بەپاراستنی ئاسایشی تورکیا بووە، هەروەها هۆی ئەو ڕێکەوتنامەیەی لەنێوان تورکیا وسوریادا لەساڵی ١٩٨٧ ئەنجامدرا بەبەردانەوە وتێپەڕبوونی ٥٠٠م٣/چرکە (١٥,٧٥ملیار/م٣ لەساڵێکدا) دەگەڕێتەوە بۆ بەڵێنەکانی سوریا بەتورکیا ئەویش بەرێگەگرتن لەدزەکردنی پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ناو خاکی تورکیا، بەتایبەت کەسنووری نێوانیان ٨٧٧کم درێژدەبێتەوە وکوردەکان لەهەردوو وڵاتەکەدا بەدرێژایی سنووری نێوانیان نیشتەجێبوون وپەیوەندی نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی بەهێز پێکەوەی بەستوونەتەوە وبووەتە هۆی بەخشینی هێمنی وئاسایش وتەنانەت خۆشەردان بۆیان بەرامبەر دەسەڵاتی تورکیا وسوریا لەهەمان کاتدا[1]. هەروەها دەرکەوتنی کێشەی کورد لەم رووە باڵی بەسەر چارەسەری داهاتی ئاوی رووباری فورات لەنێوان هەردوو وڵاتدا کێشاوە ومەرجێکی سەرەکی تورکیایە بەسەر سوریاوە کەدەبێت سنووریٚ بۆ بزووتنەوەی جوداخوازی پارتی کرێکاران وبزووتنەوەکانی تری دژ بەتورکیا لەوڵاتەکەیدا دابنێت[2]. لێرەوە دەردەکەوێت کەکێشەی ئاو بابەتێکی مەترسیدارە لەناوچەکەدا ولەهەرکات وساتێکدا بێت دەتوانرێت بەمەبەستی دژایەتیکردنی یەکتر بەکاربهێنرێت لەم نێوەندەشدا میللەتی کوردی دابەشکراو زەرەرمەندی یەکەم وکۆتاش دەبێت، بەهۆی دابەشکردنی بەسەر چوار وڵاتی گەورەی ناوچەکەدا.

روباری دیجلە:

ئەم رووبارەش هەروەك رووباری فورات، هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کەعێراق وسوریا بەشێك بوون لەدەوڵەتی عوسمانی وبەرووبارێکی ناوخۆیی دەناسرا، بەمجۆرە لەخاکی دەوڵەتی ناوبراو هەڵقوڵاوە وپاشان تێکەڵ بەئاوەرێژگەکەی بووە وهیچ کێشەیەك لەبارەیەوە نەبووە. بەڵام کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات وعوسمانیەکان تیایدا دۆڕان سوریا وعێراق لێی جیابوونەوە وئیتر رووباری دیجلەش گۆڕا بۆ ڕووبارێکی نێودەوڵەتی. بەم شێوەیە تورکیا بووە خاوەنی سەرچاوەکانی رووبارەکە لەباکووری رووبارەکەدا وسوریاش بووە خاوەنی رێرەوی ناوەڕاستی رووبارەکە وعێراقیش رێرەوی باشووری روباری دیجلە، بەم پێیەش پسپۆڕی رووبارەکە لەیاساکانی روبارێکی ناوخۆییەوە بۆ رووبارێکی نێودەوڵەتی گۆڕا[3]. هەروەها چەندین پەیماننامە لەنێوان هەردوو وڵاتی ئینتداب (لەجیاتی سوریا وعێراق) وتورکیادا بەستراوە، لەوانە پەیماننامەکانی تایبەت بەدیارییکردنی سنوور نێوانیان، وپەیماننامەی ئاشتیەن کەهەندێ برگەی تایبەت بەرووباری دیجلەوە، سەرەڕای هەندی پەیماننامەی تایبەت بەرووبارەکەوە، کەلەکاتی جیاواز وبەدوایەکدا ئەنجامدراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

١- داليا اسماعيل محمد، المياه والعلاقات الدولية، الطبعة الأولى، عربية للطباعة والنشر، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٣٩.

٢- د. وليد رضوان، مشكلة المياه بين سوريا وتركيا، الطبعة الآولى، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٦، ص١٨٩.

٣- د. صبحي أحمد زهير العادلي، النهر الدولي "المفهوم والواقع في بعض أنهار المشرق العربي"، مصدر سابق، ص٣٨١-٣٨٢.

١- پەیماننامەی فەرەنسا وبەریتانیا (لۆزان لە٢٣-١٢-١٩٢٠): بەپێی ماددەی سێ پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە تورکیا وسوریاو عێراق پێکبهێنرێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رووباری دیجلە وفورات.

٢- پەیماننامەی ئاشتی لەنێوان تورکیا وهاوپەیمانان (لۆزان لە٢٤-٧-١٩٢٣): بەپێی ماددەی ١٠٩ دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەك لەلایەن هەروڵاتێك کەسەر بەحەوزی رووباری دیجلە وفورات بێت پێویستە بەرژەوەندی وڵاتانی تری سەر بەحەوزەکە پێشێل نەکرێت.

٣- پرۆتۆکۆڵی کۆتایی کێشانی سنووری سوریا تورکیا (٣٠-٣-١٩٣٠): هێڵی سنوور لەداهاتوودا لەئەگەری هەرگۆڕانکاریەك تیایدا دەبێت بەپێی درێژبوونەوەی ڕێرەوی رووبارەکە بێت، هەروەها لەم بارەدا پێویستە بەشێوەیەکی یەکسان لەلایەن بەرپرسان وخاوەنی هەردووبەری رووبارەکەوە بەیەکسانی ئاوی رووبارەکە بەکاربهێنرێت.

٤- پەیماننامەی فەرەنسا لەبری سوریا لەگەڵ تورکیا (٣-٥-١٩٣٠): سوریا تورکیا یەکسانن لەمافی سوود وەرگرتن لەرووبارەکە چونکە رووبارێکی هاوبەشە لەنێوان هەردوولادا.

٥- پەیماننامەی تورکیا-عێراق (٢٩-٣-١٩٣٠): بریتیە لەرێکەوتنامەی ئاشتی ومامەڵکردنی باش لەگەڵ وڵاتی هاوسێدا، بەپێی ماددەی شەش رێکەتنامەکە کەشەش پرۆتۆکۆل لەخۆدەگرێت، وتایبەتە بەرێکخستنی ئاوی دیجلە وفورات ولقەکانیان چۆنیەتی سوودلێوەرگرتنیان، شوێنی پرۆژەکان بۆ یەکتر ئاشکرا بکرێت لەگەڵ بیروڕا گۆڕینەوە دەربارەیان لەگەڵ یەکتری، وپابەند بوون بەڕێکەوتنامەکەوە، تێچوونی پرۆژەکان بکەوێتە سەرشانی هەموو وڵاتانی بەشداربوو لەرووبارەکەدا، تورکیا عێراق لەهەموو ئەو پرۆژانە ئاگادار بکاتەوە کەنیازی ئەنجامدانی هەیە بۆ ئەوەی عێراق ئاگادرای بارودۆخەکە بێت وچۆن خزمەتی تورکیا دەکات بەهەمان شێوە لەقازانجی عێراقیش بێت.

٦- پرۆتۆکۆڵی هاریکاری ئابووری وهونەری نێوان عێراق وتورکیا (١٧-١-١٩٧١):

٧- کۆبوونەوەی دەستەی هاوبەشی عێراق وتورکیا بۆ هاریکاری ئابووری وهونەری (ئەنقەرە ٢٥-١٢-١٩٨٠) سوریا لەساڵی ١٩٨٣ تیایدا بەشداربوو:

٨- برۆتۆکۆڵی هاریکاری ئابووری وهونەری تێوان سوریا وتورکیا لەساڵی ١٩٨٧: لێرەدا باسی دیجلە دەکرێت ولەماددەی حەوتەمدا هاتووە کە دەبێت هەردوولا (تورکیا وسوریا) لەگەڵ عێراقدا کاربکەن بۆ دابەشکردنی ئاوی ڕووبارەکە لەزووترین کاتدا، ماددەی نۆیەمیش تایبەتە بەڕێکەوتنی هەردوولا بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر دامەزراندن وکارپێکردنی هاوبەشی پرۆژەکان لەوزەوییانەدا کەدەگەڕێتەوە بۆ هەردوولایان لەسەر رووباری فورات ودیجلە لەپێناو ئاودێری وبەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی، ولەلایەن شارەزایانی هەردوو وڵاتەوە بریار لەسەر سوودی ئابوری وهونەری پرۆژەکان بدرێت[١].

١- - د. صبحي أحمد زهير العادلي، النهر الدولي "المفهوم والواقع في بعض أنهار المشرق العربي، مصدر سابق، ص ٢٨١-٢٩٠.

لێرەوە دەردەکەوێت سەرجەم پەیماننامەکان راستەوخۆ باسی رووباری دیجلەیان نەکردووە تایبەت بوون بەهەموو رووبارەکانی ناوچەکەوە بەتایبەت رووباری فورات وهەموو لقەکانی رووبارەکان کەکەوتوونەتە ناو دابەشکردنی ناوچەکە بەپێی پەیماننامەی سایکس بیکۆ، بەڵام لێرەدا بۆ زیاتر روونکردنەوەی باری ئابووری ی رامیاری وکۆمەڵایەتی پەیوەند بەرووبارەکانەوە وهەروەها روباری دیجلەش بەپێویستمان زانی جارێکی تر جەحت بخەینەوە سەر هەموو ئەو رێکەوتنانەی کەلەنێوان وڵاتانی حەوزی هەردوو رووباری دیجلە وفورات ئەنجامدراون. ومیللەتی کوردیش لەم نێوەندەدا هیچ گرنگیەکی پێنەدراوە هەربۆیە پێویستە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بکرێت چۆنیەتی بەکارهێنان وسوود وەرگرتن لەئاوی هەردوو رووباری دیجلە وفورات لەناوچەکەدا. هەرچەندە تورکیا خۆی بەخاوەنی رووبارەکان دەزانێت . ئاشکرایە کەرووباری دیجلە بەناوتورکیادا بەزەویەکی شاخاوی هەڵدێردا دەڕوات کەسوود وەرگرتن لەئاوی رووبارەکە راستەوخۆ زۆر ئەستەمە، هەر بۆیە وڵاتی تورکیا لەرێگەی پرۆژەکانیەوە هەوڵدەدات بەبەرزترین ئاست سوودی لێوەربگرێت، بەبێ ئەوەی گوێ بدات بەهیچ یاساو رێسایەکی نێودەوڵەتی چونکە خۆی بەخاوەنی یەکەم وتەنهای رووبارەکە دەزانێت وبەمافی خۆی دەزانێت داهاتی ئاوی رووبارەکە لەتورکیادا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوندیەکانی خۆی بەگەڕبخات. ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تورکیا رووباری دیجلە وفورات بەرووبارێکی نێودەوڵەتی نازانێت وبەدوو رووباری ناوخۆی تورکیایان دەزانێت کەتەنها سنوورەکان تێدەپەڕێنن.

بیروڕای دەوڵەتی ئێران لەسەر رووباری دیجلە:

بۆچوونی وڵاتی ئێرانیش لەسەر رووبارەکان هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ بۆچوونی تورکیادا نیە، تەنانەت ئاوی لقەکانی رووباری دیجلە بەشێوەیەك بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی هیچ رێزێك بگرێت لەیاسا ورێسا نێودەوڵتیەکان، ومافی خەڵکی وڵاتی عێراق بەگشتی وهەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەداهاتی ئاوی ئەو لقانە بەتەواوەتی نادات ودەستی بەسەردا گرتووە وتەنانەت پلانی هەیە لەداهاتوودا پرۆژەی گەورەتر بنیات بنێت وتەنانەت رێرەوی هەندێك لەو لقانەی دەڕژێنە رووباری دیجلەوە بەتەواوەتی بگۆڕێت کەئەمەیان بەتەواوەتی پێچەوانەی یاسا ورێسا نێودەوڵتیەکانە. وەك ئاشکرایە زەرەرمەندی یەکەم لەپرۆژە ئاوییەکانی وڵاتی ئێران میللەتی کورد دەبێت لەکوردستانی عێراق (هەرێمی کوردستانی عێراق).


دەتوانین بەگشتی بڵێین کەئەو ئاوەی لەئێرانەوە دێتە هەرێمەوە هەمووی سەرچاوەکانی لەکوردستانی ئێرانەوە (کوردستانی خۆرهەڵات) هەڵدەقوڵێت وکەمتریشە لەبڕی ئەو ئاوەی کەلەتورکیاوە دێتە هەرێمەوە، وتەنها ٤ملیار/م٣، بەم پێیەش ئەگەر داهاتی هەردوو لقی سیروان وزێی بچووك ١٢ملیار/م٣ بێت ئەوا سێیەکی ئاوی هەرێم لەدەرەوەی هەرێمەوە (ئێران) دێت وئەوەی تر لەناوخۆی هەرێمەوە پەیدا دەبێت کەدەگاتە ٨ملیار/م٣ لەساڵێکدا. [١]

١- غلام حسين نهازي، مشكلة المياه في ايران(١) "دراسة حول مصادر المياه وكيفية استغلالها"، مصدر سابق، ص٤٠٣.

ئاشكرايە زۆربەی هەرەزۆری ناوچە سنوورییەكانی نێوان هەرێم وئێران شاخاوین و ئەمەش كاریگەربووە لەسەر سوود وەرگرتن لەئاوی رووبارەكان بەتەنها لەبواری بەرهەمهێنانی وزەی كارۆئاویدا لەرێگەی ئەو بەست وبەنداوانەی ئێران لەسەر لقی رووبارەكان دروستی كردوون، بەڵام مەترسی گەورە لەوەدایە كەئێران لەرێگەی پرۆژەكانیەوە لەداهاتوودا ئەگەری گەورە هەیە رێرەوی هەردوو لقی سیروان وزێی بچووك بگۆڕێت وئاراستەی زەوییەكانی ناوەوەی ئێرانیان بكات، ومەترسی گەورە لەسەر داهاتی ئاوی هاتوو لەئێرانەوە بۆ هەرێم دروست ببێت. ئاشكرایە ئێران لەم روەوە هەنگاوی گەورەی ئەنجامداوە وەك ئەوەی لەسەر ڕووباری سیروان بەئەنجامی گەیاندوە وپلانیشی هەیە لەداهاتوودا لەسەر زێی بچووك ئەنجامی بدات. سەیری نەخشەی ژمارە (٣) بكە.

نەخشەی (3)

پرۆژە ئاودێرییەکانی وڵاتی ئێران لەسەر هەردوو لقی زێی بچووک وسیروان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

1 - د.شاكر خصباك ، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص 96 .

2 - فؤاد حمة خورشيد ، قضاء پشدەر دراسة في الجغرافية البشرية )، المصدر السابق، ص 12 .

3 - سازمان جغرافيائى نيروهاى مسلح نقشه عمليات مشترك (زمنى ) ،چاپ دوم، 1373شمسى مقياس 1:250000 .

## دەرئەنجامەکان

١- ئامانجی پەیمانی سایکس بیکو لەساڵی ١٩١٦ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەتەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو وەك هێزێکی دۆڕاو لەجەنگدا بەسەر هاوپەیمانانادا، بەبێ ئەوەی لەم دابەشکردنەدا گرنگی بدرێت بەکێشەی پەرتکردنی میللەتانی ناوچەکە بەتایبەت میللەتی کورد کەبەسەر وڵاتانی ناوچەکە (تورکیا وسوریا وعێراق) دابەشکرا ولەئەنجامیشدا بەشێکی تر لەوڵاتی ئێراندا مایەوە.

٢- بەهۆی دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر هەریەکە لەتورکیا وسوریا عێراق وئێراندا، خاك وحەوزی رووبارەکەش بەهەمان شێوە بەسەر ئەو وڵاتانەدا دابەش بوو، ئەمەش کێشەکانی نەتەوەی کوردی زیاتر کرد، ئەویش بەزیاد کێشەی ئاو کەیەکێکە لەکێشە مەترسیدارەکانی ئەم سەردەمە بەتایبەت لەنێوان وڵاتانی حەوزی رووباری دیجلە وفورات کەبەشێکی زۆری دەکەوێتە خاکی کوردسانەوە.

٣- هەموو ئەو رێکەوتنە نێو دەوڵەتیانەی کە لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە لەلایەك وڵاتانی هاوپەیمان لەلایەکی ترەوە بەستراوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لەناوچەکەدا، بێ ئەنجام بوون بەهۆی ملنەدانی وڵاتانی ناوچەکە بەیاسا ورێسا دەوڵەتیەکان لەبەرئەوە هەتا ئێستا مەترس لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی رێکوپێکی سەرچاوەکانی ئاو لەناوچەکەدا بەردەوامە.

٤- بەکارهێنانی میللەتی کورد لەکێشەکانی ئاودا وەك فشارێکی سیاسی لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا کەئەمەش مەترسی گەورەی هەیە وزیانی خراپی بەمەسەلەی کورد لەناوچەکەدا هەیە.

## راسپاردەکان

١- سەر لەنوێ رێکخستنەوەی هەموو ئەو رێکەوتنامانەی کەدەربارەی هەردوو حەوزی رووباری دیجلە وفورات ئەنجامدراون، پێداچوونەوە بەخاڵەکانیدا بکرێت بەمەبەستی ئاسانکاری لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان بەبێ ئەوەی مافی هیچ لایەك بفەوتێت، چونکە بەم شێوەیە زەرەرمەندی یەکەم میللەتی کوردی کەبەسەر وڵاتەکانی ناوچەکە (تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران) دابەشکراوە.

٢- پیویستە پرۆژەی ئاوی خۆجێیی لەناوچەکەدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەت دروستکردنی بەست وبەنداوەکان، بەتایبەتی پرۆژە بچووکەکان کە کەمترین کێشە بۆ ناوچەکە دروستدەکەن، ئەمەشیان بەتایبەت لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا کەنیمچە سەربەخۆییەکی وەرگرتووە.

٣- کێشەی گۆڕینی رێرەوی رووبارەکان کێشەیەکی گەورەی ناوچەکەیە بەتایبەت بۆ میللەتی کورد چونکە بەشێکی تری دانیشتوانەکەی لەوڵاتێکی تری دراوسێدا لەئاوی ئەو لقانە بێبەش دەکرێت.

٤- بەهێزکردنی میللەتی کورد لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە، لەلایەکەوە وەك قەرەبوو کردنەوەی کەمێك لەونەهامەتیانەی کەدووچاری میللەتی کوردیان کردووە، لەلایەکی تریشەوە بۆ رێگەگرتن لەهەموو ئەو پلان وپرۆژانەی کەوڵاتانی حەوزی هەردوو رووباری دیجلە وفورات بەبێ گرنگیدان بەیاسا ورێسا نێودەوڵەتیەکان دەیانەوێت ئەنجامی بدەن.

## ليستى سەرچاوەكان


**سەرچاوەی عەرەبی**

**أ- كتێب:**

**١- الخشاب، د. وفيق حسين ، و د.أحمد سعيد حديد وماجد السيد ولي محمد، الموارد المائية في العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٣.**

**٢- الدباغ، رياض حامد، مشكلة المياه في العراق، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، مشكلة المياه في الشرق الأوسط "دراسات قطرية حول الموارد المائية واستخداماتها، الجزء الأول، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان، ١٩٩٤.**

**٣- الراوي، أحمد عمر أحمد ، مشكلات المياه بالعراق في ظل السياسة المائية التركية وتأثيراتها في الأمن الغذائي، جامعة بغداد، كلية الأدارة والأقتصاد، اطروحة دكتوراه، ١٩٩٩.**

**٤- الربيعي، صاحب، أزمة حوضي دجلة والفرات وجدلية التناقض بين المياه والتصحير، الطبعة الأولى، دارالحصاد للطباعة والنشر، سورية، ١٩٩٩.**

**٥- العادلي، د. صبحي أحمد زهير ، النهر الدولي "المفهوم والواقع في بعض أنهار المشرق العربي"، الطبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧.**

**٦- حسين، فتحي علي، المياه وأوراق اللعبة السياسية في الشرق الأوسط، الطبعة الأولى، مكتبة مدبولي، قاهرة، ١٩٩٧.**

**٧- خروفة، د.نجيب ود.مهدي الصحاف ود.وفيق الخشاب، الري والبزل في العراق والوطن العربي، بغداد، ١٩٨٤.**

**٨- رضوان، د. وليد، مشكلة المياه بين سوريا وتركيا، الطبعة الأولى، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٦.**

**٩- سري الدين، عايدة العلي، العرب والفرات بين تركيا واسرائيل، الطبعة الاولى، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت، ١٩٩٧.**

**١٠- سلامة، د. رمزي، مشكلة المياه في الوطن العربي "احتمالات الصراع والتسوية"، مصر، ٢٠٠١.**

**١١- محمد، داليا اسماعيل، المياه والعلاقات الدولية، الطبعة الأولى، عربية للطباعة والنشر، مكتبة مدبولى، القاهرة، ٢٠٠٦.**

**١٢- نهازي، غلام حسين، مشكلة المياه في ايران(١) "دراسة حول مصادر المياه وكيفية استغلالها"، دراسات قطرية حول الموارد المائية واستخداماتها، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مركز الدراسات الأسترتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، لبنان، ١٩٩٤.**

**ب- نامەی ماستەر وتێزی دكتۆرا:**

**١- المبارك، محمد جواد علي ، اثر المياه في العلاقات بين الدول دراسة في مكامن الصراع أو التعاون بين دول المشرق العربي ودول الجوار الجغرافي، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٤، غير منشورة.**

**٢- محمد، كاظم موسى ، حوض الزاب الكبير في العراق "دراسة هيدرولوجية"، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم الجغرافية، ١٩٨١، غير منشورة.**

**ج- بڵاوكراوەی زانستی:**

**١- المجلس الزراعي الأعلى، مكتب التنسيق والبحوث الزراعية، دراسة رقم (٩-٢)، صيانة التربة وادارة احواض الأنهر في العراق، مطبعة الأرشاد، بغداد، ١٩٧٨، ص ٢٠.**

**٢- مياه كوردستان وآفاق المستقبل، منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، دراسة رقم(٩)، الطبعة الأولى،مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٦، ص١٣.**

سەرچاوەی کوردی:

أ- کتێب:

١- د. فەرەیدون کاکەیی، داهات وئەمنی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا، کتێبی یەکەم، گیروگرفتی ئاو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٥٧.

ب- گۆڤاری زانستی:

١- د. ئازاد جەلال، هاوسەنگی ئاووکەشوهەوا لەئاوڕێژی رووباری دیجلە وئاسۆی ئایندەی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ساڵی دووەم، ژمارە ١٢، حوزەیرانی ١٩٩٩،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کورستانی عێراق، هەولێر، ل٢٦-٢٧.

ج- بڵاوکراوەی زانستی:

- بەریوەبەرایەتی ئاودێری وئاوی سەرزەوی سلێمانی، راپۆرتێکی تایبەت بەلق وجۆگاکانی روباری سیروان لەپارێزگای سلێمانی، ئامادەکردنی نەجمەدین صدیق وئاری اسماعیل، ساڵی ٢٠٠٧، بڵاونەکراوەتەوە.

سەرچاوەی ئەنتەرنێت:

1-https://chronicle.fanack.com/ar/israel/history-past-to-present/rise-of-zionism/promises-and-contradictions/

2- https://www.google.iq/search?hl=ar&site=imghp&tbm=isch&source

3- https://www.google.iq/search?hl=ar&site=imghp&tbm=isch&source=hp&biw

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی کوردی

**پەیمانی سایکس بیکۆ ورەنگدانەوەی لەسەر دابەشبوونی حەوزی ڕووباری دیجلە وفورات بەسەر کوردستاندا**

کێشەی ئاو یەکێکە لەبابەتە مەترسیدارەکانی ئەم سەردەمە، کەپێویستە خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت، یەکێك لەدەرئەنجامەکانی پەیماننامەی سایکس بیکۆ لەساڵی ١٩١٦ دەرخستنی ئەم کێشەیە بووە لەنێوان وڵاتانی بەشداربوو لەئاوزێلی رووباری دیجلە وفوراتدا، وبەپێیەی کەبەشێکی زۆری هەردوو ئاوزێلەکە دەکەوێتە ناو خاکی کوردستانەوە، وهەروەك چۆن ئاوزێلەکە دابەشکرا لەنێوان (تورکیا وسوریا وعێراق وئێران) بەهەمان شێوە میللەتی کوردیش بەسەریاندا دابەش بوو. ئیتر لێرەوە میللەتی کورد بەراستەوخۆ وناڕاستەوخۆ لەکێشەکانی ئەو وڵاتانەوە تێوەگلاوە، ودابەشبوونی داهاتی ئاویش یەکێك بووە لەکێشە دیارەکانی ناوچەکە. لەبەرئەوە ئەم لێکۆڵینەوە تایبەتە بەباسکردنی باری حەوزی هەردوو رووباری دیجلە وفورات لەناوچەکەدا لەڕووی دابەشبونی حەوزی رووبارەکە وداهاتی ئاوی ساڵانەیان، ولەگەڵ خستنەرووی هەموو رێکەوتنەکانی تایبەت بەرێکخستنی دابەشبوونی ئاو لەنێوان وڵاتانی حەوزەکەدا، سەرەرای باسکردنی کاریگەری خراپی رێکەوتنامەکە لەسەر دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بەگشتی ومیللەتی کورد بەتایبەتی، کەئەنجامەکانی بەزیانیکی گەورە لەسەر کێشە سیاسی ونەتەوایەتی وکۆمەڵایەتی وئابووریەکانی میللەتی کورد شکاوەتەوە.

## خلاصة البحث

**انعكسات اتفاقية سايكس بيكو في توزيع حوضي الدجلة والفرات على كوردستان**

**تعد المياه احد المواضيع الخطيرة في الوقت الراهن، وتحتاج الى الدراسات الدقيقة، وأحدى نتائج اتفاقية سايكس بيكو سنة ١٩١٦ وهي ابراز هذه المشكلة بين دول المشاركة في حوضي الجلة والفرات، ونتيجة لوقوع نسبة كبيرة من مساحة الحوضين داخل كوردستان، وحسب الأتفاقية تم تقسيم كوردستان وشعبه على دول منطقة، قد ترتب عليها تقسيم الحوض على هذه الدول أيضاً، ومن هنا بدأ شعب كوردستان بطريقة مباشرة أو غير مباشرة متأثرة الى حد كبير بمشاكل هذه الدول المتعددة، منها الموارد المائية التي تعد أحد المشاكل البارزة في المنطقة، ومن هنا وبسبب أهمية الموضوع تم كتابة هذا البحث المفصل التي تتعلق بحوضي الدجلة والفرات في المنطقة من حيث توزيعهم الجغرافي وحجم المياه السنوية لكلا الحوضين، وكذلك عرض جميع الأتفاقيات المتعلقة بتنظيم توزيع المياه مابين دول الحوضين، بالأضافة الى دراسة التأثيرات السلبية سكان الدول المنطقة بشكل عام والأكراد خصوصاً، حيث انعكست نتائجه بشكل خطير وسلبية على الشعب الكردي وقضيتهم السياسية والأجتماعية والأقتصادية في المنطقة.**



## ABSTRACT

Sykes-Picot Treaty and Its Effects on the Division of Tigris and Euphrates River Basin on Kurdistan

Currently, the issue of water is one of the most perilous matters which need an accurate and precise study. one of the effects of the sykes-picot treaty in 1916 is the emergence of this issue between the countries which partook the tigris and euphrates basin, regarding that a huge part of the basin is located in kurdistan, the basin was divided among turkey, syria, iraq, and iraq, so the kurdish people has been divided among them as well. From this point of view, directly or indirectly Kurdish people are involved in the issues of the aforementioned countries, and the division of the profit of water was one of the prominent issues in the area. thus, this study is dedicated to discuss the state of both the tigris and euphrates rivers basin concerning the division and distribution of the basin and its annual profits, and highlighting the agreements that are particularly hold upon the arrangement of the division of water among the countries partaking the basin, as well as discussing the dreadful effects of the treaty upon the population of the abovementioned countries in general and especially the kurds, which the results are of huge disadvantageous regarding the political, national, social and economical issues to the kurdish nation.